ص: 30-48
المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (8) – العدد (1)، حزيران 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

# بنەماکانی تیۆری کۆمەڵگەرایی لە ڕوانگەی (ئەمیتای ئێتزیۆنی) ەوە بە خوێندنەوەیەکی بەراوردکاری تیۆری

دانەر ڕەشید نجم الدین[1]، انور محمد فرج محمود[2,3]

[1,2]کۆلیجی زانستە ڕامیارییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، عێراق
[3]کۆلیجی یاسا و ڕامیاری، زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، سلێمانی، عێراق

Email: danar466@gmail.com [1], anwar.faraj@uhd.edu.iq[3]

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر بنەماکانی تیۆری کۆمەڵگەرایی و کاریگەریەکانی لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی. هەروەها جەخت لە گرنگی پێشنیارەکانی ئەم تیۆرە هاوچەرخە دەکاتەوە لە ڕوانگەی بیرمەندی ناسراوی ئەمەریکی، ئەمیتای ئێتزیۆنی وەک بژاردەیەکی جێگرەوە بۆ تێز و پێشنیارەکانی تیۆری لیبراڵیزم. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە دۆزینەوەی چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ هزر و بۆچونی کۆمەڵگەراکان و شیکارکردنی ئەو پرەنسیپ وبنەمایانەی کە بوونەتە بناغەی ئەم تیۆرەی بواری سیاسەت و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان. میتۆدی سەرەکی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە میتۆدی وەسفی و بەراوردکاری بۆ تیۆرەکانی دیکەی سیاسەت و پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکان. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە تا ئێستا لە فەرهەنگ وکتێبخانەی کوردیدا توێژینەوەیەکی بەراوردکاری سەبارەت بە تیۆری کۆمەڵگەرایی و بەشدارییەکانی ئەنجام نەدراوە و ئەم توێژینەوە هەوڵێکە بۆ گەڕانەوەی ڕۆڵ و پێگەی کۆمەڵگا بۆ نێو کایەی سیاسەت پاش ئەوەی بەدرێژایی سەدەی ڕابردوو تەوژمی تاکگەرایی و لیبراڵیزم هەژموونی خۆی سەپاند.

**کلیلە وشەکان:** کۆمەڵگا، کۆمەڵگەرایی، چاکەی گشتی ، تاکگەرایی، لیبرالیزم.

**الملخص:**

تركز هذه البحث على مبادئ نظرية التنشئة الاجتماعية وانعكاساتها على مستوى السياسات المحلية والدولية. كما يؤكد على أهمية طروحات هذه النظرية المعاصرة من وجهة نظر المفكر الأمريكي المعروف، أميتای إيتزيوني كبديل لأطروحات و مقترحات النظرية الليبرالية. تهدف هذه الدراسة إلى إيجاد إطار نظري لفكر و رأي علماء الاجتماع وتحليل المبادئ التي أصبحت أساس هذه النظرية في مجال السياسة والعلاقات الدولية. الطريقة الرئيسية لإجراء هذا البحث هي الطريقة الوصفية والمقارنه للنظريات الأخرى في السياسة والعلاقات الدولية. وتكمن أهمية هذا البحث في عدم وجود بحث مقارن حول نظرية الاجتماعية وإسهاماتها في المكتبات و الأوساط الأكاديمية الكردية. ويعد هذا البحث محاولة لإعادة دور و مكانة المجتمع إلى السياسة بعد هيمنة اقتراحات الفردية والليبرالية في القرن العشرين.

**الكلمات المفتاحية:** الجماعية، الصالح العام، الفردية، الليبرالية.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.1.3

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية**
المجلد (8) – العدد (1)، حزيران 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**Abstract:**

This research highlights the fundamental principles of Communitarianism as political theory and its implications on domestic and international levels. It emphasizes on the significance of the proposals of this contemporary theory from the perspective of the well-known American thinker, Amitae Etzioni as an alternative for the proposals of liberal theory. The aim of this study is to find a theoretical framework for the broad ideas and views of communitarians and analyze the principles that have become the foundation of this theory in the field of politics and international relations. The method of conducting this research is descriptive through analyzing the literature review and comparing this theory to other theories of politics and international relations. The significance of this research is that no one has ever conducted a comparative work on Communitarianism and its contributions in Kurdish academic journals. It is also an attempt to revive and focus on the role and position of society in domestic politics and international relations after the hegemony of liberal ideas and individualism in $20^{th}$ century.

**Keywords:** Community, Communitarianism, public good, individualism, liberalism.

## پێشەکی

کۆمەڵگەرایی(Communitarianism) بریتیە لە ڕەوتێک یاخود ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم سەرهەڵدەدات و جەخت لە گرنگی کۆمەڵگا دەکاتەوە لەسەر شوناس و ڕەفتار و بڕیاری تاکەکان. تیۆری کۆمەڵگەرایی کاردانەوەیەکی فەلسەفی و ئایدۆلۆژیە بۆ پێشنیارەکانی تیۆری لیبرالیزم بەتایبەت لە پرسەکانی تاکگەرایی و ماف و ئازادیەکان. ئەگەر سەرهەڵدانی لیبرالیزم لەدوای قۆناغی ڕۆشنگەریەوە کاردانەوەیەک بێت بەرامبەر ئەو ستەمکاریەی کە لە سەدەکانی ناوەڕاست و دواتردا بوونی هەبووە، سەرهەڵدانی کۆمەڵگەراییش تەوژمێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەلسەفیە لەبەرامبەر هزری تاکگەرایی لە لیبراڵیزمدا.

لە نێو کۆمەڵگەراکاندا چەندین دیدگا و ئاڕاستەی جیاواز هەیە و کۆمەڵگەراکان دابەش دەکرێن بۆ کۆمەڵگەرا کۆنەکان و کۆمەڵگەرا نوێیەکان، بەڵام ئەمیتای ئێتزیۆنی (Amitae Etzioni) کە بیرمەندێکی ئەمەریکی بە ڕەگەز ئیسرائیلیە، بە ئاڵاهەڵگری ئەم تیۆرە سیاسیە دادەنرێت کاتێک لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا ڕابەرایەتی بزوتنەوەیەکی فەلسەفەی و ئایدۆلۆژی دەکات بە ناوی کۆمەڵگەرایی نوێ (Neo-Communitarianism) یان کۆمەڵگەرایی وەڵامدەرەوە (Responsive Communitarianism). مەبەست لە هەڵبژاردنی وشەی "وەڵامدەرەوە" بریتی بوو لەوەی کە وەڵامی هەموو ئەو پرسیار و گریمانانەیان لایە کە لیبراڵەکان ڕووبەڕوویان دەکردنەوە یان ئەو پرسیارانەی کە کۆمەڵگەرا کۆنەکان شکستیان هێنابوو لە وەڵامدانەوەی، یاخود وەک ئێتزیۆنی دەڵێت دەیانویست پەیامێک بگەیەنن کە کۆمەڵگەرا نوێیەکان داخوازی بونیادنانی کۆمەڵگایەکی بەهێز دەکەن کە تەواو دیموکراتیە و هەستیارە بەرامبەر مافی ئەندامەکانی.

- **پرسیاری سەرەکی:** ئەم توێژینەوەیە بریتیە لەوەی ئایا بنەماکانی تیۆری کۆمەڵگەرایی کامانەن لە ڕوانگەی ئەمیتای ئێتزیۆنیەوە و کۆمەڵگەرایی بانگەشەی چی دەکات؟ **ئامانجی ئەم توێژینەوەیە** بریتیە لە دۆزینەوەی چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ هزر و بۆچونی کۆمەڵگەراکان بە تایبەت ئەمیتای ئێتزیۆنی وەک ڕابەری کۆمەڵگەراکان و ناساندنی ئەو پرەنسیپ و بنەمایانەی کە بوونەتە بناغەی ئەم تیۆرە سیاسیە. واتە لە ڕوانگەی ئەمیتای ئێتزیۆنیەوە کە بە سوارچاکی کۆمەڵگەراکان هەژمار دەکرێت، تیشک دەخەینە سەر هەر پێنج بنەما سەرەکیەکەی تیۆری کۆمەڵگەرایی، تا بتوانین چوارچێوەی تیۆری کۆمەڵگەرایی بەراورد بە تیۆرە هاوچەرخەکانی دیکە دیاری بکەین و تێز و پێشنیارەکانی لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا بەشێوەیەکی کرداری هەڵبسەنگێنین.

- **گرنگی ئەم توێژینەوەیە:** لەوەدایە لەکاتێکدا زۆرینەی کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەنێویاندا کۆمەڵگەی کوردی لەژێر کاریگەری بەهاکانی ڕۆژئاوا و جیهانگیریدا شوناس و بەهاکانی بەرەوە کاڵبوونەوە دەچێت و ئایدۆلۆژیای لیبراڵیزم هەژمونی بەسەر جیهاندا کێشاوە، ئەم توێژینەوەیە دەلاقەیەکە بۆ تۆخکردنەوەی ڕۆڵی کۆمەڵگا و زیندوکردنەوەی بەها باڵاکانی کۆمەڵگا تایبەتەکان. **گریمانە و تێزی سەرەکی** ئەم توێژینەوەیە بریتیە لەوەی پێشنیارەکانی تیۆری کۆمەڵگەرایی لە ڕوانگەی ئەمیتای


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.1.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ئێتزیۆنیەوە دەکرێت ببنە جێگرەوەی پێشنیارەکانی تیۆری ڕیالیزم و لیبراڵیزم و کاریگەری ئەرێنیان دەبێت لەسەر سیاسەتی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی.

**میتۆدی سەرەکی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە** بریتی دەبێت لە میتۆدی وەسفی (Descriptive) و میتۆدی شیکاری (Analysis) بۆ توێژینەوە و تێکستە ئەکادیمیەکانی پێشتر کە لەم بوارەدا نوسراون. هەروەها شێوازی کۆکردنەوەی داتاکان بریتیە لەشێوازی جۆری (Qualitative) ئەویش بە ڕوانین و هەڵسەنگاندنی توێژینەوەکانی پێشتر (Literature Review) سەبارەت بە بابەتەکە و پشت بەستن بە چەند سەرچاوەیەکی سەرەکی (Primary Source) دیکە بۆ بەهێزکردنی تێزی سەرەکی توێژینەوەکە.

**کورتەیەک دەربارەی تیۆری کۆمەڵگەرایی**

تیۆری کۆمەڵگەرایی(Communitarianism) بریتیە لە تیۆریەکی فەلسەفی و سیاسی و کۆمەڵایەتی کە هاوکات بەشداری کارای هەیە لە شیکاری پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان کە تێیدا جەخت لە وابەستەیی تاک دەکاتەوە بەکۆمەڵگاوە و پێیوایە شوناسی تاک لەکۆمەڵگاوە سەرچاوە دەگرێت[1]. دیدگا و هزری کۆمەڵگەرایی گرنگی بە سێ بواری سەرەکی دەدات کە ئەوانیش بریتین لە "چاکەی گشتی"، ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان مافی تاکەکان و ئەرکە کۆمەڵایەتیەکان، لەگەڵ بنەرەتی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی. کەواتە کۆمەڵگەرایی بریتیە لەو دیدگایەی گریمانەی ئەوە دەکات کە شوناسی مرۆڤەکان لەژێر کاریگەریەکی بەهێزی کۆمەڵگا و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانە و پێویستە ئاکارە ئەخلاقی و سیاسیەکان بەم پێوەرە هەڵبەسنگێنرێن و هەموو یاسا و دامەزراوەکان لەسەر ئەم بناغەیە دابمەزرێنرێن.

کۆمەڵگەراکان پێیان وایە کۆمەڵگا پێویستیەکی سەرەکی ژیانی مرۆڤە و هیچ بژاردەو جێگرەوەیەکی دیکەی نیە. بڕوایان وایە وێناکردنی بەردەوامی ژیانی تاکێک لە دەرەوەی کۆمەڵگا شتێکی ناواقیعی و باوەڕپێنەکراوە و مرۆڤەکان ناتوانن بە تەنها و لە پەراگەندایدا بژین. بۆیە کۆمەڵگەراکان بڕوایان وایە شوناسی تاک لەلایەن کۆمەڵگاوە دیاری دەکرێت و تاکەکان بەشێکن لە خێزان، هۆز، گروپی ئاینی، گروپی ئێتنی و نەتەوەیی. پابەندبوونی تاکەکان بە ئەخلاق و بەها و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان دەبێتە شوناسی سەرەکی تاکەکان و سنوری ئازادی ڕەفتار و مامەڵەیان دیاری دەکات. زۆرجار ئایدیای کۆمەڵگەرایی وەک کاردانەوەیەک لە بەرامبەر ئایدیای لیبرالیزم وێنا دەکرێت بەتایبەت دژ بە ئایدیای تاکگەرایی (Individualism) کە لە دوایی سەردەمی ڕۆشنگەری (Enlightenment) هاتە کایەوە کە زیاتر جەخت لە گرنگیدان بە ویست و بەرژەوەندی و چێژە کەسیەکان دەکاتەوە لە بەرامبەر خواست و بەرژەوەندی و نەریتەکانی کۆمەڵگا.

گریمانەی کۆمەڵگەراکان دوو ڕەهەندی هەیە: ڕەهەندی ئەزمونی و ڕەهەندی ئەخلاقی. لە ڕەهەندە ئەزمونیەکەوە کۆمەڵگەراکان پێیان وایە کۆمەڵگا خۆی خۆڕسکانە بەهاکان بەرهەم دەهێنێت و دەیانچەسپێنێت، بەڵام لە ڕوانگە ئەخلاقیەکەوە، بەها هاوبەشەکان پێویستیەکی جەوهەرین و بەرجەستەکردنیان لە کۆمەڵگادا بەرپرسیارێتیەکی ڕەهایە. یەکەم ڕەهەندی ئەزمونی کۆمەڵگەراکان جەخت لەوە دەکاتەوە کە بە درێژایی مێژوو کۆمەڵگاکان خاوەنی بەها و نەریتی جیاواز بوون و هۆز و تیرەکان خۆڕسکانە لەسەر کۆمەڵێک بنەمای هاوبەش ڕێکەوتون کە بوەتە بناغەی تەونی کۆمەڵایەتیان. دووەم ڕەهەندی ئەخلاقیش جەخت لەوە دەکاتەوە کە مانەوە و بەردەوامبوونی کۆمەڵگا مرۆییەکان پەیوەستە بە پارێزگاریکردن لەو بەها ئەخلاقیانەی کە بۆندێکی مەعنەویە لەنێوان تاکەکاندا[2].

بەم جۆرەش تیۆری کۆمەڵگەرایی گریمانەی ئەوەی خستەڕوو کە کۆمەڵگای مرۆیی زیاتر لە پێداویستیەکی هەیە، بەپێچەوانەی لیبراڵیزم کە پێی وایە تەنها ئازادی بەسە بۆ مرۆڤەکان. لای کۆمەڵگەراکان کۆمەڵگای نمونەیی بەجۆرێک دروست دەبێت کە هاوسەنگیەکی تەواو هەبێت لە نێوان ئازادی و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیدا، یان لەنێوان مافی تاکەکان و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی، یاخود لەنێوان تایبەتمەندی ئێتنی-نەتەوایەتی و بەهاکانی کۆمەڵگا[3]. دواجار پلاتفۆرمی کۆمەڵگەرایی کاریگەری فراوانی لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی چەندین وڵات دروست کرد و چەندین سەرکردەی ڕۆژئاوایی کەوتنە ژێر کاریگەری تێزەکانی

---

[1] Etzioni, Amitai. 2014. "Communitarianism Revisited." *Journal of Political Ideologies* 19 (3): 242. https://doi.org/10.1080/13569317.2014.951142.

[2] Etzioni, Amitai. "A neo-communitarian approach to international relations: Rights and the good." Human Rights Review 7 (2006): 69-80.

[3] Ibid.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.1.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (8) – العدد (1)، حزيران 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

کۆمەڵگەرا نوێکان. هەریەک لە بیل کلینتن(Bill Clinton)ی سەرۆکی ئەمەریکا و تونی بلێر( Tony Blair) سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا لەکەمپینی هەڵبژاردنەکانیاندا دروشمی "دەرفەت، بەرپرسیارێتی و کۆمەڵگا"یان بەرزکردەوە و بانگەشیان بۆ گەڕانەوەی بەها باڵاکان و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی کرد. پاشان باراک ئۆباما (Barak Obama)ی سەرۆکی پێشوی ئەمەریکا لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا بەڵێنی گێڕانەوەی پێکهاتەی خێزان و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی دا بە هاوڵاتیانی ئەمەریکی[4].

کەواتە هەموو ئەم گۆڕانکاریانەی بەسەر بەکارهێنانی چەمکی کۆمەڵگەراییدا هاتن بوونە هەوێنی دروستبوونی تیۆری کۆمەڵگەرایی کە لە ئێستادا چەندین پێشنیازی جەوهەری لەبواری فەلسەفەی ئەخلاق و فەلسەفەی کۆمەڵناسی و یاسا و ئابووری و سیاسەتی ناوخۆ و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا پێشکەش کردووە. کۆمەڵگەراکان لە ئەوروپا و ئەمەریکا و ڕۆژئاوای ئاسیا کاریگەری ئەرێنی بەرچاویان هەبووە لە نەخشاندنی یاسای گشتی بەتایبەت لە کەرتی تەندروستی گشتی (Public Health)، تایبەتمەندی کەسی (Individual Privacy)، ئاسایشی نەتەوەیی (National Security) و مافی هاوڵاتیبوون و فرەکلتوری ( Citizenship and Multiculturalism)[5].

بە گشتی توێژەر و بیرمەندانی تیۆری کۆمەڵگەرایی پۆلێن دەکرێن بۆ سێ گروپی جودا کە بریتین لە کۆمەڵگەرا ئەکادیمیەکان، کۆمەڵگەرا وەڵامدەرەوەکان و کۆمەڵگەراکانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا. کۆمەڵگەرا ئەکادیمیەکان (Academic Communitarians) کە هەندێک جاریش بە کۆمەڵگەرا کۆنەکان (Old Communitarians) ناودەبرێن پێک دێن لەو بیرمەند و توێژەرانەی کە وەڵامی تێزە لیبراڵیەکانی فەیلەسوفی ئەمەریکی جۆن ڕاوڵزیان داوەتەوە لە ساڵانی ١٩٨٠ بەدواوە، ئەوانیش پێک دێن لە هەر یەک لە مایکل ساندڵ(Michael Sandel)، مایکڵ والزەر (Michael Walzer)، چارلس تایلەر(Charles Taylor)، ئەلەسدیر ماکنتایەر (Alasdair Macintyre)[6] .

کۆمەڵگەراکانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیاش کە هەندێک جاریش بە کۆمەڵگەرا دەسەڵاتخوازەکان ( Authoritarian Communitarians) ناودەبرێن بریتین لە کۆمەڵێک سەرکردە و بەرپرسی باڵا کە لەدوای ساڵی ١٩٨٠وە لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا سەریان هەڵدا و خاوەن دیدگای کۆمەڵگەرایی بوون لە هەر سێ وڵاتی چین و مالیازیا و سەنگافورە، ئەوانیش بریتین هەر یەک لە لی کوان یو (Lee Kuan Yew ) سەرۆک وەزیرانی پێشوی سەنگافورە (١٩٦٥-١٩٩٠)، بیلاهاری کاوسیکان ( Bilahari Kausikan ) باڵیۆزی پێشوتری سەنگافورە لە نەتەوە یەکگرتوەکان(١٩٩٥-١٩٩٨)، دکتۆر مەهاتیر محەمەد ( Dr. Mahathir Muhammad ) سەرۆک وەزیرانی پێشوی مالیزیا (١٩٨٠-٢٠٠٣)[7].

لەدوای قۆناغی سەرهەڵدانی و دروستبوونی کۆمەڵگەرا ئەکادیمیەکان پاشان کۆمەڵگەراکانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی بیستەم ڕەوتێکی نوێی کۆمەڵگەرایی لە ئەمەریکا سەریهەڵدا کە لەلایەن فەیلەسوفی ئەمەریکی بە ڕەچەڵەک ئیسرائیلی ئەمیتای ئێتزیۆنی (Amitae Etzioni) و ویلیام گالستون (William A. Galston) سەرکردایەتی دەکرا و لەژێر ناوی کۆمەڵگەرا نوێیەکان (Neo-Communitarians) یان کۆمەڵگەرا وەڵامدەرەوەکان (Responsive Communitarians) خۆیان ناساند. پاشان کۆمەڵێک توێژەر و بیریاری دیکەی ئەمەریکی پەیوەندیان کرد بە ڕەوتی کۆمەڵگەرا وەڵامدەرەوەکان کە دیارترینیان بریتی بوو لە بینجامین باربەر (Benjamin Barber)، ڕۆبەرت بێلا (Robert Bellah )، جەیمس فیشکین ( James Fishkin) و فیلیپ سێلزنیک (Philip Selznick)[8].

هەرچەندە هەر یەک لەم گروپانەی سەرەوە خاوەن دیدگا و جیهانبینی فرەجەمسەرن سەبارەت بە پرسە جیاوازەکانی تیۆری کۆمەڵگەرایی، بەڵام بەگشتی سەرجەمیان کۆکن لەسەر کۆمەڵێک پرەنسیپ و بنەمای سەرەکی تیۆری کۆمەڵگەرایی وەک لەم پێنج بنەمایەی خوارەوەدا دەیانخەینە ڕوو:

[4] Ibid.
[5] “A Synthesis: Rights and Responsibilities.” Encyclopædia Britannica, Encyclopædia Britannica, Inc., https://www.britannica.com/topic/communitarianism/A-synthesis-Rights-and-responsibilities.
[6] Ibid.
[7] Etzioni, Amitai. 2014. “Communitarianism Revisited.” *Journal of Political Ideologies* 19 (3): 242. https://doi.org/10.1080/13569317.2014.951142.
[8] Tam, Henry. (2019). The Evolution of Communitarian Ideas: History, Theory and Practice. 10.1007/978-3-030-26558-8:1-24.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.1.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

## بنەمای یەکەم: ڕۆڵی کۆمەڵگا وەک سێکتەری سێیەم

لە ماوەی دوو سەدەی ڕابردوودا، زۆرترین مشتومڕ لەسەر پرنسیپە سەرەکیەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵگا بووە کە بریتین لە سێکتەری دەوڵەت و بازاڕ. مشتومڕەکەش لەسەر باسکردن لە ڕۆڵی سێکتەری دەوڵەت بووە وەک هێزێکی فشار بۆ نەخشەسازی کۆمەڵگا، لەگەڵ ڕۆڵی سێکتەری بازاڕ وەک ناوەندێکی سەربەخۆی ئاڵوگۆڕ و مامەڵەی ئابوری. لەم نێوەندەدا لایەنێک بەرگری لەوە دەکرد کە باشترین دەوڵەت ئەوەیە کە کەمترین دەسەلات بەکاردەهێنێت، لە بەرامبەردا لایەنەکەی دیکە بەرگری لەوە دەکرد کە باشترین دەوڵەت ئەوەیە کە ناوەندیی و خۆماڵیکراو و سەراپاگیرە. بە تێپەڕبوونی کات دەرکەوت ئەم دوو بیرۆکەیە تەواو ڕادیکاڵن و بەبێ ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان ئەم دوانەدا دەوڵەت ئیفلیج و ناکارا دەبێت.

هەر بۆیە کۆمەڵگەرایی نوێ بە ڕابەرایەتی ئەمیتای ئێتزیۆنی هات و پێشنیاری "سێکتەری سێیەم" (Third Sector) ی خستەڕوو کە بریتیە لە "کۆمەڵگا" وەک یەکەیەکی گرنگ بۆ شیکاری پەیوەندی تاک و بازاڕ و دەوڵەت. واتە کۆمەڵگەراکان "کۆمەڵگا"یان وەک یەکەیەکی شیکاری جێگرەوە ناساند بۆ یەکەی "دەوڵەت" لای ڕیالیستەکان و یەکەی "بازاڕ" لای لیبراڵ و کاپیتالیستەکان. کۆمەڵگاش لای کۆمەڵگەراکان بریتیە لە خێزان، گروپە لۆکاڵیەکان، یەکێتییە هەرەوەزیەکان، بزاوتە ئاینیەکان و چەندین گروپی کۆمەڵایەتی و ڕەگەزی و پیشەیی دیکە. ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێبدرێت بریتیە لەوەی کە زۆرێک لە مامەڵە و پەیوەندیە مرۆیی و کۆمەڵایەتیەکان لە سێکتەری سێیەمدا ڕوو دەدات بەراورد بە ڕێژەی مامەڵەکان لە ئاستی دەوڵەت و بازاڕدا. بەم جۆرەش کۆمەڵگەرایی نوێ سێکتەری کۆمەڵگا وەک بژاردەیەکی جێگرەوە بۆ دەوڵەت و بازاڕ دەناسێنێت کە لە تیۆریە سیاسیەکانی دیکەدا تیشکیان دەخرێتە سەر.
بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە گرنگی "کۆمەڵگا" وەک سێکتەری سێیەم، ئەمیتای ئێتزیۆنی تێڕوانینی وایە کە تاکەکان تەنها کەسانی سەربەخۆ نین کە لەڕێی بڕیاری ئازادانەوە بژاردەی عەقڵانی هەڵدەبژێرن کە لە سودی بەرژەوەندی خۆیان بێت، بەڵکو لەژێر کاریگەری ڕاستەوخۆی کۆمەڵگا و فشارە نافەرمییەکاندان. بە زمانێکی دیکە، مرۆڤەکان لە ڕەگەزی مرۆ-ئابوری ( Homo Economicus) نین کە لیبراڵەکان و هەڵگرانی هزری سەرمایەدار دەیخەنە ڕوو کە پێیان وایە مرۆڤەکان جگە لەوەی لە ڕووی ئابوریەوە تەواو عەقڵانین، لەڕووی سیاسیشەوە بژاردەی دروست هەڵدەبژێرن بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندیەکانیان، هەروەها لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە بڕیاری دروست دەدەن لە خۆپاریزی لە تاوان و هەڵبژاردنی هاوسەر و شێوازی ئەزمونی ئاینییان[9]. بەڵکو کۆمەڵگەراکان بە گشتی هاوڕان لەگەڵ ئەو تێزەی کە دەڵێت مرۆڤەکان بونەوەرێکی تەواو کۆمەڵایەتین و بەهۆی بونی پەیوەندی کۆمەڵایەتیەوە بژاردەکانیان ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر کاریگەری کۆمەڵگاوە. لەم بارەیەوە ئەمیتای ئێتزیۆنی ڕای وایە کە ئەم کارتێکردنە لە دوو شێوازدا خۆی دەبینێتەوە کە بریتین لە[10]:

**شێوازی یەکەم**: لە ساتی دروستبوونی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، بەها کۆمەڵایەتیەکان دەبنە بەشێک لە شوناس و ژیانی تاکەکان و کاریگەری لەسەر بژاردەکانی بەردەمیان دروست دەکەن. بە واتایەکی دیکە هێڵە گشتیەکانی ڕەفتاری تاک لەلایەن کۆمەڵگاوە دیاری دەکرێت بەڵام تاکەکان ئازادن لەوەی پابەند دەبن یاخود نا.

**شێوازی دووەم**: بەها کۆمەڵایەتیەکان دەبنە چەند پێوەرێکی نائاگایی بەردەوام و سانسۆرێکی کۆمەڵایەتی بۆ سەپاندنی بەها دروستکراوەکانی پێشتر و بەرجەستەکردنەوەیان لە کۆمەڵگادا.

کەواتە سەرەتا کۆمەڵگا کاریگەری لەسەر تاک دروست دەکات و پابەندی هێڵە گشتیەکان و بەها کۆمەڵایەتیەکانی دەکات و دواتر تاکیش وەک ئەندامێکی کۆمەڵگا دەبێتە پارێزگار و سەپێنەری بەها کۆمەڵایەتیەکان بەسەر تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگادا. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە مرۆڤەکان لەلایەن کۆمەڵگاوە ئازادی تەواویان لێوەرگیراوەتەوە، بەڵکو بەو واتایە دێت کە مەودای بژاردەکانیان لەژێر کاریگەری پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا سنوردار کراوە. ئەم تێگەشتنەش لە سروشتی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان سەردەکێشێت بۆ دروستبونی دوو لێکەوتەی جەوهەری کە کۆمەڵگەران بەردەوام خوازیارین کە بریتین لە[11]:

---

[9] Etzioni, Amitai, ed. 1998. The Essential Communitarian Reader. Lanham, MD: Rowman & Littlefield, ix-xx.
[10] Etzioni, Amitai. 1993. The Spirit of Community: Rights, Responsibilities, and the Communitarian Agenda. 1st ed. London: Fontana Press, 1995, 14.
[11] Ibid.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.1.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**لێکەوتەی یەکەم**: تاکەکان زیاتر حەز بەکاری پێکەوەیی و بەکۆمەڵ دەکەن لەبری کاری تاک بە تاک. دیارترین نمونەش دروستبوونی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانە لەپێناو بەدەستهێنانی مافە مەدەنیەکان کە تێیدا تاکەکان خۆڕسکانە بەشداری تێدا دەکەن.

**لێکەوتەی دووەم:** ڕایەڵە و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان دەبنە هۆی فەراهەمکردنی ئاشتی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی، بەڵام ئاسایشێک کە خاوەنی هێزی "نەرم"ە نەک زەبروزەنگ. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تاکەکان لەڕێی ئەو کۆنترۆڵە ئەخلاقیە نافەرمیەی هەیە پابەندی نۆرم و بەها ئەخلاقیەکان دەبن بۆ ئەوەی دووربن لە لۆمە و سەرزەنشت و سانسۆری ئەندامەکانی دیکەی کۆمەڵگا. ئەو ڕێکاری کۆنترۆڵکردنەش تەواو بەندە لەسەر ویستی ئازادانەی تاکەکان لەبری بەکارهێنانی هێز و فشاری فەرمی.

لێرەدا ئەمیتای ئێتزیۆنی تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە دەبێت ئەو ڕاستیەش لەبەرچاوبگیرێت کە ڕێگریە کۆمەڵایەتیە نافەرمیەکان (Informal Social Controls) زۆر گرنگ و جێی بایەخن چونکە ئاستی مامەڵەی تاکەکان لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا زۆرە و ناتوانرێت سەرپەرشتیار و لێکۆڵەر و پۆلیس بۆ ئەو هەموو مامەڵەیە دابنرێت تا چاودێربێت بەسەر لادانی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی تاکەکان و لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکات بۆ هەموو کارێکی نائەخلاقی کە ئەنجامی دەدەن[12]. لێرەدا ئێتزیۆنی پرسیارێکی جەوهەری دەوروژێنێت کە ئەگەر ئەو هەموو سەرپەرشتیار و پۆلیسە لە کۆمەڵگادا دابنرێت، کێ دەبێت بە چاودێر بەسەر ئەمانیشەوە؟! لەبەر ئەوە بە ڕای ئێتزیۆنی باشترین چارەسەر بۆ کاراکردنی ڕێگریە کۆمەڵایەتی نافەرمییەکان بریتیە لەوەی دەبێت ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی کۆمەڵگا خۆبەخشانە بەشێوەیەکی ئەخلاقی ڕەفتار بکەن وەک ئەرکێکی ئەخلاقی و مەدەنی. هەروەها بەشێکی زۆری یاسا کەسییەکان بەجێبهێڵرێت بۆ کۆنترۆڵە کۆمەڵایەتیە نافەرمیەکان کە تێیدا ڕەفتار و ئازادی تاک سنوردار بکات. پاشان ئێتزیۆنی بۆچونی وایە کە بڕبڕەی پشتی کۆمەڵگا بریتیە لە دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان کە نۆرم و بەها کۆمەڵایەتیەکان بەشێوەیەکی پراکتیکی بەرجەستە دەکەن[13]. وەک پێشتر وتمان کە بەدەر لە حکومەت و بازاڕ زۆرێک لە ئاڵوگۆڕ و مامەڵە مرۆییەکان لە کۆمەڵگەدا ئەنجام دەدرێت، بە هەمان شێوە لە ناو کۆمەڵگاشدا زۆرترین ئاڵوگۆڕ و مامەڵە لەناو دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکاندا ئەنجام دەدرێت کە گرنگترینیان بریتین لە: شوێنی پەرستش، قوتابخانە، چایخانە و یانە شەوانەکان. هەموو ئەم دامەزراوە کۆمەڵایەتیانەش لەسەر بنەمای گرێبەستێکی ئەخلاقی نافەرمی بونیادنراون کە تاکەکان لەڕێی هەستی پابەندبونی هاوبەشەوە ئەو گرێبەستە دەپارێزن.

بەڵام وەک ئێتزیۆنی دەڵێت دەبێت ئەوەش بە هەند وەربگیرێت کە دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانیش هەمیشە لەڕووی پێکهاتەی دامەزراوەکان و ئەو نۆرمە ئەخلاقیانەی بەرجەستەی دەکەن لەبەردەم گۆڕانکاری بەردەوامدان بەپێی قۆناغە مێژوییەکان گەشە دەکەن یان بەرەو پوکانەوە دەچن. دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان خەسڵەتێکیان هەیە کە ڕۆڵی بێ لایەن و تەماشاکەر نابینن و هەمیشە لایەنداری بەها ئەخلاقیەکانن کە لە کۆمەڵگادا بوونی هەیە. بۆ نمونە قوتابخانە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتیە کە تەنها ئەرکی فێرکردنی توانا و زانستەکان نیە، بەڵکو لە هەمان کاتدا ئەرکی پەروەردەکردنی خوێندکارەکانە لەسەر کۆمەڵێک ڕەوشت و بەها کە لەلایەن کۆمەڵگاوە قبوڵکراوە لە چەشنی هاوسۆزی لەگەڵ هەژاران، دڵسۆزی بۆ وڵات، ڕێزگرتن لە ڕەگەز و نەتەوە کەمینەکان و پاراستنی ژینگە.

لە دیدی کۆمەڵگەراکاندا، نابێت کۆمەڵگا وەک یەک جەستەی یەکگرتوو مامەڵەی لەگەڵ بکرێت چونکە وەک ئەمیتای ئێتزیۆنی دەڵێت ئەمە دژ بە پرەنسیپی فرەیی سنوردارە (Limited Pluralism) کە مەبەستی جۆرێک لە فرەییە کە دواجار دەبێتە هۆی دابەشبوونی کۆمەڵگا بۆ چەندین گروپ و تاقمی جیاواز کە مێژوو و ئامانجێکی یەکانگیریان نیە و پابەند نین بە کۆمەڵێک بەهای هاوبەشەوە و بەردەوام لەبەردەم ئەگەری پێکدادان و شەڕدان[14]. ئەمەش لەکاتێکدا کە کۆمەڵگاکان لەناو خۆیاندا لە چەندین گروپ و پێکهاتەی جیاواز پێک دێن، بەڵام ئەوەی کۆمەڵگەراکان هاوڕان لەسەری و گرنگی پێ دەدەن پێکهاتەی خێزانە. کۆمەڵگەراکان بە گشتی پشتگیری ئەو پرۆژە یاسایانە دەکەن کە گرنگی بە پاراستنی پێکهاتەی خێزان دەدەن بە تایبەت ئەو ڕێکار و یاسایانەی کە پشتگیری لە ئەنجامدانی هاوسەرگیری دەکەن و ڕێگری دەکەن لە ئاسانکاری بۆ جیابونەوەی هاوسەران. داتا و بەڵگە زانستیەکانیش دەیسەلمێنن کە ژیانی ناوخێزان چەندین سودی سایکۆلۆجی و کۆمەڵایەتی بە تاکەکان دەبەخشن و دەیانپارێزن لە کۆمەڵێک

[12] Amitai Etzioni (2014) Communitarianism revisited, Journal of Political Ideologies, 19:3, 241-260, DOI: 10.1080/13569317.2014.951142.
[13] Etzioni, Amitai, ed. 1998. The Essential Communitarian Reader. Lanham, MD: Rowman & Littlefield, xi.
[14] Etzioni, A. (2015). Community. The Encyclopedia of Political Thought, 1, 1–16.https://doi.org/10.1002/9781118474396.wbept0185.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.1.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

لێکەوتەی کۆمەڵایەتی نەخوازراو وەک جیابوونەوەی هاوسەران و پشتگوێخستنی پەروەردەی منداڵ و کێشەی خێزانی تاک هەوسەری (Single-Parent Families)[15].

لەم بارەیەوە کۆمەڵگەرا نوێیەکان بەتایبەت پشتگیری لەو بۆچونانە دەکەن کە گرنگی بە ڕایەڵە و بەها کۆمەڵایەتیەکان و ڕوحی هاریکاری بدرێت لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردندا و منداڵان لە قۆناغی سەرەتاییەوە بەو چەمک و بەهایانە ئاشنابکرێن. وەک بەڵگەش نمونەی سەرکەوتنی سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی یابان دەهێننەوە کە هەر لە منداڵیەوە منداڵەکان لەسەر کارکردن بە گروپ و هاریکاری و خۆبەخشی ڕادەهێنرێن و بەشێکی زۆر لە پاداشتەکان لەسەر بنەمای گروپە نەک تاک[16]. هاوکات کۆمەڵگەراکانی وەک ئەمیتای ئێتزیۆنی جەخت لەوە دەکەنەوە کە بۆ پەروەردەکردنی زیاتری منداڵان لەسەر بەها کۆمەڵایەتیەکان پێویستە دایک و باوکان لەلایەن حکومەت یاخود خاوەن کارەکانیانەوە دەرفەتی ئەوەیان بۆ بڕەخسێنرێن کاتێکی زیاتر لەگەڵ منداڵەکانیان بەسەر بەرن. ڕەخنەی ئەوەش لە تاکگەرایی لیبراڵیزم دەگرن کە هانی خۆپەرستی تاک دەدەن بەجۆرێک کە هەموو کاتەکانیان لەپێناو بەرژەوەندی ماددی خۆیان و لە شوێنی کارەکانیان بەسەردەبەن و کاتێک ناهێڵنەوە بۆ منداڵ و خێزانەکانیان[17].

لە کۆتاییدا، بە گشتی لەلایەن کۆمەڵگەراکانەوە ژیانی کۆمەڵایەتی ناو خێزان و گروپە کۆمەڵایەتیەکان و کۆمەڵگای هاوچەرخ بە سەرەکیترین بنەمای تیۆری کۆمەڵگەرایی دادەنرێت و هەموو کۆکن لەسەر ئەوەی بوون و شوناسی تاک ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە کۆمەڵگاوە چونکە مرۆڤ بە سروشتی حاڵ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە. هەروەها جەخت لەوە دەکەنەوە هیچ سیستەمێکی سیاسی و دیموکراسی سەرکەوتوو نابێت، بەبێ بونی کۆمەڵێک نۆرم و بەهای هاوبەش لەناو کۆمەڵگادا کە هانی تاکەکان بدات بۆ کاری بەکۆمەڵ و بەشداری مەدەنی هاوڵاتیان لە پرۆسەی دیموکراسیدا. لەم ڕوانگەیەوە کۆمەڵگەراکان "کۆمەڵگا" وەک سێکتەری سێیەم یاخود جێگرەوەیەکی شیاو دەبینن بۆ سێکتەری دەوڵەت و بازاڕ کە لە ڕووی شیکاری سیاسیەوە بەهەند وەربگیرێت.

**بنەمای دووەم: ڕۆڵی تاک لە کۆمەڵگادا**

لە پاش ماهیەت و ڕۆڵی کۆمەڵگا، گرنگترین خاڵی جوداکەرەوەی نێوان تیۆری کۆمەڵگەرایی و لیبراڵیزم و ناکۆکیە لەسەر چەمک و ڕۆڵی "تاک" لە کۆمەڵگادا. لە چەقی دیبەیتی لیبراڵ و کۆمەڵگەراکاندا چەند پرسیارێکی گرنگ دێتە ئاراوە: ئایا پێویستە دەوڵەتی مۆدێرنی دادپەروەر لە ڕوانگەی چاکە و خۆشگوزەرانی تاکەکانەوە بونیاد بنرێت یاخود لە ڕوانگەی دروستکردنی کۆمەڵگایەکی بەهێز و پێشکەوتووەوە؟ ئایا واقیعی سیاسی بەپێوەری بژاردە و کار و چالاکی تاکەکان هەڵدەسەنگێنرێت یاخود بە پێوەری ڕەفتار و تایبەتمەندی گروپە کۆمەڵایەتیەکان لە کۆمەڵگادا؟ بە مانایەکی دیکە، ئایا یەکەی شیکاری سیاسی دەبێت کارکردن لەسەر تاک بێت یان کۆمەڵگا؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارانەدا لیبراڵ و کۆمەڵگەراکان تەواو بۆچونیان جیاوازە؛ لەکاتێکدا لیبراڵەکان بۆچونیان وایە کە واقیعی سیاسی بەگوێرەی کردار و بڕیاری تاکە خاوەن مافەکان وێنا دەکرێت، کۆمەڵگەراکان پێیان وایە بناغەی سیاسەت بریتیە لە پەیوەندی بەهێزی تاک بە کۆمەڵگاوە لەڕێی بەجێهێنانی ئەرکە کۆمەڵایەتیەکان، وە گرنگیدان بە چاکەی گشتیش لە پێشینەی ئەرکە کۆمەڵایەتیەکانە[18].

پاش سەرهەڵدانی مۆدێرنە، چەمکی "تاکگەرایی" لای لیبراڵەکان وەک تیۆرێکی ئەخلاقی پێناسەکرا کە خاوەنی سێ خاسیەتی سەرەکیە[19]:

**یەکەم**: جەوهەری مرۆڤبوون بریتیە لە ئازادی (Liberty) کە ئەویش تەنها لەڕێی سەربەخۆییەوە (Autonomy) بەدەست دێت. سەربەخۆییش بە واتای ئەوەی هیچ شتێک تاک وابەستە نەکات و تاک خۆی بڕیاردەر و خاوەنداری پرسە خودییەکانی دەبێت.

**دووەم**: هەر تاکێک ئازادە لە هەڵبژاردنی حەز و خولیاکانی کە لە ئیرادەی سەربەخۆی خۆیەوە دێنە ئاراوە. بەم جۆرەش بەها ئەخلاقیەکان دەچنە چوارچێوەی بژاردە و سیاسەتیش دەبێت لەپێناو خزمەتکردن بە حەز و خولیا تاکە کەسیەکان بێت.

---

[15] Bell, Daniel. 2022. “Communitarianism.” In The Stanford Encyclopedia of Philosophy, edited by Edward N. Zalta and Uri Nodelman. Metaphysics Research Lab, Stanford University.
[16] Ibid.
[17] Etzioni, Amitai, ed. 1998. The Essential Communitarian Reader. Lanham, MD: Rowman & Littlefield.
[18] Etzioni, Amitai. 1993. The Spirit of Community: Rights, Responsibilities, and the Communitarian Agenda. 1st ed. London: Fontana Press, 1995, 4.
[19] Ibid.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.1.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**سێیەم**: کۆمەڵگا پێک دێت لە یەکێتی کۆمەڵێک تاکی سەربەخۆ کە پەیوەندیەکی سودگەرانە لە نێوانیاندا هەیە و ئامانج لە دروستبوونی کۆمەڵگاش بریتیە لە بەرجەستەکردنی حەز و خولیای تاکەکان و یاساش دادەنرێت بۆ ڕێکخستن و پاراستنیان.

بەم جۆرە چەقی هزری تاکگەرایی بریتیە لە پێشەنگیدان و باڵادەستی تاک لەبری گروپ و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیەکان. لای تاکگەراکان، تاک خۆی ئامانجە و هەموو دامەزراوە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوریەکان هۆکارن بۆ خزمەتی ئەو ئامانجە، ئەم ئایدیایەش پێی دەوترێت ئەتۆمیزم (Atomism)[20]. لای تاکگەراکان کۆمەڵگا ئامانجێکی ئەوتۆی نیە و مافی ئەوەی نیە هیچ ئەرکێک بەسەر تاکدا بسەپێنێت و ئازادیەکانی کۆت و بەند یان زەوت بکات. تاک خاوەنی ئیرادەی سەربەخۆیە و ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە بەدیهێنانی حەز و بەرژەوەندی و ئامانجەکانی وەک جۆن ڕاولز دەڵێت، "خود دەکەوێتە پێش هەموو ئەو ئامانجانەی تاک هەوڵی بەدەستهێنانی دەدات"[21]. کەواتە تاکەکان ئازادن لەوەی پێداچونەوە بە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیاندا بکەن و پاشەکشە بکەن لە هەموو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیان.

لەم بارەیەوە هەردوو تیۆری لیبراڵیزم و کۆمەڵگەرایی یەکەی سەرەکی شیکاریان بریتیە لە ڕۆڵی تاک لە کۆمەڵگادا، بەڵام کۆمەڵگەراکان پێشنیاری لیبراڵ و تاکگەراکان لەسەر ماهیەت و ڕۆڵی "تاک" ڕەتدەکەنەوە و بۆچونیان وایە کە شوناسی تاک لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانەوە دروست دەبێت و هەموو تاکێک لەژێر کاریگەری ڕاستەوخۆی ئەو کۆمەڵگەیەدایە کە تێیدا دەژی. هەر بۆیە تیۆری کۆمەڵگەرایی پێشنیاری لیبراڵەکان دەربارەی تاکی داماڵراو لە کۆمەڵگا یاخود "تاکی بێ ئەرک" ( Unencumbered Self) کە لەلایەن مایکڵ ساندڵ (Michael Sandel) وەک یەکێکە لە ناودارترینی کۆمەڵگەرا ئەکادیمیەکان خراپەروو، لە ڕووی بونگەراییەوە بە هەڵە و خەیاڵی وەسف دەکەن. بەپێچەوانەوە، تاکگەراکان بۆچونیان وایە کە شوناسی تاک پێویستی بە کۆمەڵگا نیە و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لەبەر ئەوەی بژاردەیەکی ئازادانەن لەبەردەم تاکەکاندا نابن بە بەشێک لە شوناسی تاک.

بەگشتی کۆمەڵگەراکان سەبارەت بە چەمک و ڕۆڵی تاک دوو ڕەخنەی بنەرەتی لە لیبراڵەکان دەگرن:

**یەکەم:** تیۆری لیبراڵی گرنگی کۆمەڵگا لەسەر تاک و کاریگەریەکانی بێ ئەرزش دەکات.

ئەمیتای ئێتزیۆنی وەک ڕابەری کۆمەڵگەرا نوێیەکان یان وەڵامدەرەوەکان ڕەخنە لە دیدگای لیبراڵەکان دەگرێت و تێزێکی گرنگ سەبارەت بە پەیوەندی تاک و کۆمەڵگا دەخاتەڕوو و دەڵێت،"من پێویستی بە ئێمەیە بۆ ئەوەی هەبێت " The Me needs a We to be"[22]. ئێتزیۆنی دەیەوێت بە زمانێکی دیکە پێمان بڵێ بوون و شوناس و خۆشگوزەرانی تاک وابەستەی ڕۆڵ و بەشداریەتی لە کۆمەڵگادا. "کەواتە لای کۆمەڵگەراکان، کۆمەڵگا یەکەیەکی سەرەکی و بێ جێگرەوەیە بۆ ڕەخساندنی ژیانێکی شایستە بۆ تاکەکان، هەر بیرکردنەوەیەک لەوەی مرۆڤ دەتوانێت لە دەرەوەی کۆمەڵگا بە تەنها بژی و خۆی داماڵێت لە هەموو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان خەیاڵی و ناواقیعیە. چونکە بە دیدگای کۆمەڵگەراکان، مرۆڤەکان وەک کارەکتەری ڕۆبنسن کروزۆ (Robinson Crusoe)[23] نین کە بتوانن لە دورگەیەکی چۆڵدا بە پەراگەندەیی بژین، بەڵکو مرۆڤ بونەوەرێکی تەواو کۆمەڵایەتیە و لەژێر کاریگەری ئەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژی شوناسی بەدیاردەکەوێت[24].

لە ڕوانگەی ئێتزیۆنیەوە، مرۆڤەکان لە ساتی لەدایکبونیانەوە دەبنە ئەندامی خێزانێک، هۆزێک، نەتەوەیەک یاخود گروپێکی ئاینی کاتێک گەورە دەبن هەر یەک لەمانە دەبنە یادەوەری و مێژویەک بۆ ئەو مرۆڤە کە ناتوانێت لێی هەڵبێت و پاشەکشەی لێبکات.

[20] Courtland, Shane D., Gerald Gaus, and David Schmidtz. 2022. “Liberalism.” In *The Stanford Encyclopedia of Philosophy*, edited by Edward N. Zalta. Metaphysics Research Lab, Stanford University.
[21] Rawls, John, 1921-2002 author. A Theory of Justice. Cambridge, Massachusetts: The Belknap Press of Harvard University Press, 1971, 63.
[22] The Five Minute Communitarian: Illustrated, YouTube (Amitai Etzioni, 2017), https://www.youtube.com/watch?v=x_s3YoZAe88&ab_channel=AmitaiEtzioni.
[23] ڕۆبنسن کروزۆ بریتیە لە ڕۆمانێک کە لەلایەن نوسەری بەریتانی دانێل دیفۆ نوسراوە و لە ساڵی ١٧١٩ بڵاوکراوەتەوە کە باس لە دەریاوانێک دەکات کە کەشتیەکەیان لەناو دەریادا تێکدەشکێت و تەنها کروزۆ ڕزگاری دەبێت و لەناو دورگەیەکی نزیک ئەمەریکا بۆ ماوەی ٢٨ ساڵ بەتەنها ژیان بەسەر دەبات.
[24] Ibid.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.1.3

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

کەواتە ئەوە ڕایەڵە و نەریت و بەها ئەخلاقیەکانی کۆمەڵگەن کە دیاریدەکەن کە "ئێمە کێین؟" و "بەهاکانمان چیە؟"[25]. دواجار کۆمەڵگەراکان بۆچونیان وایە کە وێنە و پێناسەی ڕاستەقینەی تاک لەلایەن لیبراڵەکانەوە شێوێنراوە و لەجێگەکەی وێنەیەکی خەیاڵی و ناواقیعی دروستکراوە.

**دووەم:** کۆمەڵگەراکان بۆچونیان وایە لیبراڵیزم دیدگایەیەکی هەڵە سەبارەت بە پەیوەندی نێوان تاک و ئامانجەکانی دەخاتەڕوو. سەبارەت بە ڕەخنەی دووەمیش، کۆمەڵگەراکان ڕەخنەی توند لە تاکگەراکان دەگرن بەوەی دیدگایەکی هەڵیان سەبارەت بە پەیوەندی تاک و ئامانجەکانی خستوتەڕوو. وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد تاکگەراکان بۆچونیان وایە کە "خود دەبێت پێش ئامانجەکانی بخرێت" بەو مانایەی تاکەکان مافی ئەوەیان هەیە پرسیار و پێداچونەوە بە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیان بکەن و تەنانەت زۆرجار ڕەتیشییکەنەوە ئەگەر پێیان وابوو ئەو پەیوەندیانە چیتر لەگەڵ حەز و بەرژەوەندیەکانیاندا ناگونجێت. بەڵام کۆمەڵگەراکان بۆچونیان تەواو جیاواز و پێیان وایە کە ئەم دیدگایە بەرگێکی نابەرجەستە و داماڵراو و بێ ئەرک بە بەر "خود"دا دەکات، بەجۆرێک کە پەیوەندی تاک لەگەڵ کۆمەڵگا و ئامانجەکانیدا تەواو خۆبەخشانە و خۆکردانەیە.

لە کۆتاییدا، کۆمەڵگەراکان بۆچونیان وایە کە بەها و تێڕوانینی مرۆڤەکان بۆ ژیانێکی باش لە پێوەرەکانی شوێن و خێزان و ئاین و نەتەوەوە سەرچاوە دەگرێت. مرۆڤەکان لەبەر ئەوەی بونەوەرێکی کۆمەڵایەتین، خاوەن ئازادی و سەربەخۆیی ڕەها نین تا بتوانن بەگوێرەی حەز و بەرژەوەندیەکانیان مامەڵە بکەن، بەڵکو ئەو مافانەیان لەژێر چەتری نەریت و بەها کۆمەڵایەتیەکانیاندا سنوردار کراوە. هەروەها لەبەرامبەر ئەو مافانەی لەڕێی کۆمەڵگاوە بۆیان زامن دەکرێت، پێویستە پابەندبن بە جێبەجێکردنی ئەو ئەرک و بەرپرسیارێتیانەی کە دەکەوێتە سەر شانیان. کەواتە لەبەر ئەوەی بوون و شوناسی تاک وابەستەی کۆمەڵگایە، هیچ تاکێک ناتوانێت هەڵبێت لەو شوناس و بەهایانەی کە لە کۆمەڵگاوە وەریگرتووە و ئەرکی تاک وەک چۆن بە سروشتی هاتووە دەبێت بەهەمان شێوە لە ئەستۆ بگیرێتەوە.

**بنەمای سێیەم: نۆرم و بەها ئەخلاقیەکان وەک ژێرخانی کۆمەڵگا**

یەکێکی دیکە لە بنەما سەرەکیەکانی تیۆری کۆمەڵگەرایی بریتیە لە بەهێزکردنەوەی بەها ئەخلاقیەکان وەک ژێرخانێک بۆ دروستکردنەوەی کۆمەڵگایەکی تەندروست. ئەمەش زیاتر لە کار و چالاکیەکانی کۆمەڵگەرا وەڵامدەرەوەکان بە ڕابەرایەتی ئەمیتای ئێتزیۆنی سەریهەڵدا کەلە ئەمەریکا نیشتەجێبوون و بۆچونیان وابوو کە بەهۆی ڕۆچون لە تاکگەرایی و هزری لیبراڵیزمدا، بەها و نۆرمە ئەخلاقیەکان لە کۆمەڵگای ئەمەریکیدا تەواو کاڵبوەتەوە و پێویستیان بە شۆڕشێکی هزری و کۆمەڵایەتی هەیە بۆ گێڕانەوەی ئەو بەهایانە. لەم پێناوەدا ئێتزیۆنی و هاوڕێکانی گۆڤارێکی وەرزیان بە ناوی کۆمەڵەی وەڵامدەرەوە ( The Responsive Community) لە ساڵی ١٩٩٣ بڵاوکردەوە و کاریان لەسەر چەندین پرسی هزری سیاسی و کۆمەڵایەتی کرد وەک پەرچەکردارێک بۆ پێشنیاری لیبراڵەکان.

کۆمەڵگەرا وەڵامدەرەوەکان بە گشتی جەخت لە گرنگی بەها ئەخلاقیەکان دەکەنەوە کە لە ئەنجامی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و بەریەککەوتنی کلتوری تاکەکانەوە دروست دەبێت و دواجار ئەم بەهایانە بە ڕێکەوتنێکی نافەرمی دەبنە ژێرخانی ئەخلاقی کۆمەڵگا. لە هەمان کاتدا ئەم ژێرخانەی بەها ئەخلاقیەکان دروستی دەکەن دەبنە هەوێنی پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی تەونی کۆمەڵایەتی و بەشێوەیەکی نافەرمی دەبنە پاڵپشتێک بۆ یاسا بەرکارەکان. بەها ئەخلاقیەکان تاکەکان پابەند دەکات بە کۆمەڵێک ڕێسای کۆمەڵایەتی تایبەت کە پەیوەندی نێوانیان بەشێوەیەکی تەندروست ڕێکدەخات و دەبێتە ژێرخانی ئەخلاقی کۆمەڵگا، ئەم پابەندبونەش لە پێناو خزمەت بە چاکەی گشتی هەمواندایە. ئەمیتای ئێتزیۆنی ڕای وایە کە بەشێوەیەکی خۆکارانە، ئەم بەها ئەخلاقیانە جێکەوتەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆ لەسەر شوناس و جیهانبینی تاکەکان جێدەهێڵێت و کاریگەری لەسەر ڕەفتار و مامەڵەیان دروست دەکات[26].

کەواتە سێیەم بنەمای کۆمەڵگەرایی پێویستی هەبوونی ژێرخانێکی ئەخلاقی (Moral Infrastructure) پتەوە کە لە کۆمەڵێک بەهای ئەخلاقی هاوبەش پێک دێت کە زۆرکات لە نەوەکانی پێشوترەوە گوازراوەتەوە بۆ نەوەکانی ئێستا بەڵام بە شێواز و فۆرمی

---

[25] “Gandhism (Dharma, Swaraj, Sarvodaya and Satyagraha) UNIT 24 INDIVIDUALISM AND COMMUNITARIANISM.” n.d. Igntu.Ac.In. Accessed July 9, 2023. https://igntu.ac.in/eContent/IGNTU-eContent-357961490207-MA-PoliticalScience-2-Dr.GeorgeT.Haokip-Paper202ContemporaryPoliticalTheory-Unit2.pdf.

[26] Etzioni, A. (2015). Community. The Encyclopedia of Political Thought, 1, 1–16.https://doi.org/10.1002/9781118474396.wbept0185.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.1.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

نوێ[27]. بە دیدی ئێتزیۆنی هەموو کۆمەڵگایەک پێویستی بە کۆمەڵێک بەها و نەریتی هاوبەش هەیە کە بریتین لە چەند تێگەیشتنێکی نافەرمی هاوبەش کە بەسەر تاکەکاندا دەسەپێنرێت لەپای ئەندامبونیان لە کۆمەڵگادا. پابەندنەبون بەم بەها و نەریتانە و وەک چۆن دەبێتە هۆی سزای کۆمەڵایەتی لە چەشنی لێپێچینەوە و تورەبوون و بوغزاندن، پابەندبونیش پێیانەوە دەبێتە هۆی پەسنکردن و ڕیزگرتنی تاکەکە لەلایەن کۆمەڵگاکەوە[28].

ئێتزیۆنی دەڵێت جیاوازی ئەم بەها و نەریتانە لەگەڵ یاساکاندا ئەوەیە کە یاسا پەرلەمان و حکومەت دەیچەسپێنن و پاداشت و سزاکەی تەواو فەرمیە، بەڵام بەهاکان لە کۆمەڵگادا خۆڕسکن و پاداشت و سزایان فەرمی نیە[29]. زۆر کات دەگونجێت یاساکان لەسەر بنەمای بەها و نەریتەکان دابنرێن و بەبێ ئەو بنەمایانە یاساکان ناچەسپێن یاخود جێبەجێ ناکرێن. بۆ نمونە یاسایەکی وەک قەدەغەکردنی جگەرەکێشان لە شوێنی گشتیدا پێویستی بە پابەندبونێکی کۆمەڵایەتی تاکەکان هەیە و حکومەت ناتوانێت بەبێ یارمەتی کۆمەڵگا یاسایەکی لەو جۆرە کارابکات. کاتێک تاکەکان وەک بەهایەکی ئەخلاقی ڕێکدەکەون کە جگەرەکێشان لەناو شوێنی گشتیدا ڕێگەپێنەدراوە، ئیدی پێویست بە سزای ماددی و بونی پۆلیس ناکات لە هەموو شوێنێکی گشتیدا تا ئەم یاسایە بچەسپێنێت، بەڵکو ئەوە تاکەکان خۆیان درک بەوە دەکەن کە شکاندنی ئەم نەریتەی لەسەری ڕێکەوتون ڕێگەپێنەدراوە و سزای کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە[30]. هەروەها ئەمە پێچەوانەکەشی ڕاستە کە دەکرێت جێبەجێکردنی یاسایەکیش ببێتە بەرمەبنای چەند بەها و نەریتێکی کۆمەڵایەتی.

لە کاتێکدا کۆمەڵگەراکان تیشک دەخەنە سەر بایەخی نۆرم و بەها ئەخلاقیەکان، دوو پرسیاری جەوهەری ڕووبەڕویان دەبێتەوە: ئایا ئەو بەهایانە کامانەن کە لەڕووی ئەخلاقیەوە قبوڵکراون؟! هەروەها کێ بڕیار دەدات کە کام بەهایە ئەخلاقیە و کامەیان نائەخلاقیە؟! بە دیدی ئێتزیۆنی وەڵامی ئەو دوو پرسیارە لە چواردەوری دوو چەمکی سەرەکی دەخولێنەوە: دیالۆگی ئەخلاقی (Moral Dialogue) و بەها ئەخلاقیە چەسپێنراوەکان (Deontological Values)[31]. مەبەست لە دیالۆگی ئەخلاقی گفتوگۆکردن و پێداچونەوە و دارشتنەوەی هەموو ئەو بەهایانەیە کە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا لە چێشتخانە و قاوەخانە و پەرستگا و شوێنی کاردا گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرێت. بەها ئەخلاقیە چەسپێنراوەکانیش ئەو کردارە مرۆییانە دەگرێتەوە کە زۆرینەی کۆمەڵگا لەسەری کۆکن و لە ڕووی ئەخلاقیەوە دروستن نەک لەبەر ئەوەی لێکەوتەکانیان باشە یان خراپە، بەڵکو لەبەر ئەوەی بەسروشتی حاڵ دروست و شیاون.

ئێتزیۆنی بۆچونی وایە کە ئەو مانا و تێگەیشتنە هاوبەشانەی کە دەبنە کۆڵەکەی بەها ئەخلاقیەکان لە ئەنجامی ئەو دیالۆگە ئەخلاقیەوە دروست دەبن کە لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا دێتە ئاراوە، ئەم دیالۆگانەش بە دوو فۆرمی جیاواز ئەنجام دەدرێت یان لە ڕێی گفتوگۆی سازدراوی نێوان ڕێکخراو و گروپە ئاینی و ئێتنی و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان، یاخود ڕێکخستنی سیمینار و کۆنفرانس و پانێڵ کە لە کەناڵە میدیاییەکانەوە پەخش دەکرێت[32]. ئەم دیالۆگە ئەخلاقیانە بەردەوام مانا و بەهای نوێ بەرهەم دەهێنن لە کۆمەڵگادا و تەنانەت دەبن بە بناغەیەکی بەهێز بۆ بەردەوامی پرۆسەی دیموکراسی و چەسپاندنی بنەماکانی جۆرێک لە سیستەمی سیاسی پێشکەوتوو. خەسڵەتێکی بنەرەتی ئەو دیالۆگە ئەخلاقیانە بریتیە لەوەی کە کەمتر گرنگی بە لێکەوتەکانی نۆرمە ئەخلاقیەکان دەدات، بەڵکو زیاتر تیشک دەخاتە سەر ڕەهەندی ئەخلاقی و مرۆیی بەها و نەریتەکان. بۆ نمونە لە پرسێکی وەک لەسێدارەداندا، تیشک ناخرێتە سەر ئەوەی ئایا سزای لە سێدارەدان تا چەند دەتوانێت ڕێژەی تاوان کەمبکاتەوە، بەڵکو زیاتر گرنگی بە لایەنی ئەخلاقی و مرۆیی سزاکە دەدرێت و هەڵسەنگاندن بۆ ئەوە دەکرێت کە ئاخۆ تا چەند دروستە دەوڵەت بە مەبەست مافی ژیان لە هاوڵاتیان وەربگرێتەوە[33].

---

27 The Five Minute Communitarian: Illustrated. YouTube. Amitai Etzioni, 2017. https://www.youtube.com/watch?v=x_s3YoZAe88&ab_channel=AmitaiEtzioni.

28 Etzioni, Amitai. 1993. The Spirit of Community: Rights, Responsibilities, and the Communitarian Agenda. 1st ed. London: Fontana Press, 1995, 14.

29 The Five Minute Communitarian: Illustrated. YouTube. Amitai Etzioni, 2017. https://www.youtube.com/watch?v=x_s3YoZAe88&ab_channel=AmitaiEtzioni.

30 Ibid.

31 Amitai Etzioni (2014) Communitarianism revisited, Journal of Political Ideologies, 19:3, 241-260, DOI: 10.1080/13569317.2014.951142

32 Ibid.

33 Etzioni, A. (2015). Community. The Encyclopedia of Political Thought, 1, 1 16.https://doi.org/10.1002/9781118474396.wbept0185.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.1.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

پاشان ئەمیتای ئێتزیۆنی تێڕوانینی وایە کە پەرەپێدان و بەردەوامبوونی بەها هاوبەشەکان پێویستی بە ڕەخساندنی فەزایەکی تایبەت هەیە، بۆ نموونە کۆمەڵگەیەکی باش متمانە لە نێوان ئەندامەکانیدا پەروەردە دەکات نەک تەنها بۆ بەرزکردنەوەی متمانەیان بە حکومەت یان کەمکردنەوەی بارگرانی لەسەر خەڵکی، بەڵکو بۆ بەدیهێنانی ئەوەی پێی دەڵێن کۆمەڵگای تەندروست[34]. بە هەمان شێوە کۆمەڵگای تەندروست وەک ڕابەرێکی ئەخلاقی بۆ تاکەکان برەو دەدات بە بەها جەوهەریەکانی وەکو پارێزگاریکردن لە ژینگە، هاوکاریکردنی هەژار و کەمدەرامەتان، هاوسەرگیری کردن لەبری مانەوە بە تەنهایی و ڕێزگرتن لە منداڵ و گەنجان و بەساڵاچووان. بۆ نموونە کۆمەڵگەی هاوچەرخی ئەمریکا پابەندبوون بە پاراستنی ژینگە بە چاکەیەکی جەوهەری دەزانێت و چاوەڕێی ئەوەش لە هاوڵاتیەکانی دەکات هەموان پێوەی پەیوەست بن، بەڵام ئەم پابەندبوونە ئەخلاقیەش فەرمیی کۆمەڵایەتی پشتگوێ ناخات و مەرج نیە هەموو تاکەکان وەک یەک بگرێتەوە، بۆ نمونە ئەگەرچی تێکڕای کۆمەڵگای ئەمەریکی ئایینداری لا پەسەندترە لە بێ ئاینی، بەڵام کۆمەڵگا لەم حاڵەتەدا فشار ناکات و بێ لایەن دەمێنێتەوە و لۆمە و سەرزەنشتی ئەوانە ناکات کە بژاردەی بێ ئاینی هەڵدەبژێرن[35].

بەم شێوەیە لە ڕوانگەی کۆمەڵگەراکانەوە، کۆمەڵگای تەندروست پەرەدەدات بە مانا و تێگەیشتنێکی هاوبەش لە نێوان هاوڵاتیەکانیدا کە بینە ئەجێندا و ژێرخانێکی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی بەڵام مەرج نیە ئەو ئەجێندایە زۆر "ئەستور و چڕوپڕ بێت" کە هاوڵاتیەکان نەتوانن بچنە ژێر باریەوە، بەڵکو چەند بەهایەکی جەوهەری هاوبەش بەسە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە[36]. هەروەها نۆرم و بەها ئەخلاقیەکان هەمیشە لەبەردەم شەپۆلی گۆڕانکاریدان و خاسیەتێکی چەسپاویان نیە ئەویش لەڕێی ئەو دیالۆگە ئەخلاقیەی لەنێوان تاکەکاندا بەڕێوەدەچێت. . هەر بۆیە کۆمەڵگەراکان بۆچونیان وایە کۆمەڵگای تەندروست دەبێت بایەخ بە کۆمەڵێک بەهای بنەڕەتی بدات نەک کۆمەڵە بەهایەکی زۆر و چڕوپڕ کە تاکەکان نەتوانن پێوەی پابەندبن. ئەمەش خاڵی جیاکەرەوەی نێوان تیۆری کۆمەڵگەراییە لەگەڵ ئایدیا تاکڕەو و دەسەڵاتخواز و ئاینگەرا و سۆشیال کۆنسێرڤەتیڤەکان[37].

یەکێکی دیکە لە ئامرازە سەرەکییەکانی کۆمەڵگای تەندروست لای ئێتزیۆنی بریتیە لە "ویژدانی ئەخلاقی" (Moral Voice) کە پاڵنەرێکی بەهێزی نەبینراوە و هانی خەڵک دەدات پابەند بن بە بنەما ئەخلاقیەکانەوە و بەپێی بەها و پێوەرە کۆمەڵایەتیەکان ڕەفتار بکەن[38]. ئەم ویژدانە ئەخلاقیە دەنگێکی زیندوی زوڵاڵە لە ناخی مرۆڤەوە هەڵدەقوڵێت و دەبێتە ڕێبەرێک کە چاکە لە خراپە جیابکاتەوە. هەروەها ئەو ڕاستیەش دەخەنەڕوو کە بۆچون و مامەڵەی ئەندامەکانی دیکەی کۆمەڵگا بە تایبەت ئەندامەکانی خێزان، کاریگەری بەرچاویان هەیە لەسەر تاکەکان چونکە مرۆڤەکان لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئەوانی دیکە[39]. کۆمەڵگەراکان پێشنیاری ئەوەش دەکەن کە ویژدانی ئەخلاقی تاکە هۆکارە بۆ ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانی دەسەڵاتی سیاسی خۆسەپێن و ستەمکار، چونکە ویژدانی ئەخلاقی دەبێتە ڕای گشتی کۆمەڵگا و بەرگری لە ماف و چاکەی گشتی هەموان دەکات. لەوەش زیاتر بە تێڕوانینی کۆمەڵگەراکان پەیوەندیەکی پێچەوانە لەنێوان ئاسایشی کۆمەڵایەتی و فشاری دەسەڵات هەیە: تاکڕەوی و دیکتاتۆریەت کاتێک دروست دەبێت کە یەکێتی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی لەبەر یەک هەڵدەوەشێت[40].

پاشان خەسڵەتێکی بنەڕەتی ویژدانی ئەخلاقی ئەوەیە کە ئەگەرچی لەڕێی فشارە کۆمەڵایەتیەکانەوە سنورێک بۆ ڕەفتاری تاکەکان دادەنێت بەڵام دوا بڕیار لە دەستی تاکەکاندا دەهێڵێتەوە و وەک دەسەڵاتی سیاسی فشار و هێز بەکارناهێنێت کە ئەمەش تەواو لەگەڵ بژاردەی ئازادی تاکەکاندا هاوتایە[41]. بەم جۆرەش کۆمەڵگا پێشنیار دەکات، هەوڵی قایلکردن دەدات، پەروەردە دەکات و هەندێ جاریش دەبێتە ڕێبەر بۆ تاکەکان، بەڵام هەمیشە دوا بڕیار لەدەستی تاکەکاندا دەهێڵێتەوە. بەپێچەوانەوە دەسەڵاتی سیاسی

[34] Ibid.

[35] Etzioni, Amitai. 1993. The Spirit of Community: Rights, Responsibilities, and the Communitarian Agenda. 1st ed. London, 20.

[36] Ibid.

[37] Etzioni, A. (2015). Community. The Encyclopedia of Political Thought, 1, 1–16.https://doi.org/10.1002/9781118474396.wbept0185.

[38] Ibid.

[39] Tam, Henry. (2019). The Evolution of Communitarian Ideas: History, Theory and Practice. 10.1007/978-3-030-26558-8: 11.

[40] Etzioni, Amitai. 1993. The Spirit of Community: Rights, Responsibilities, and the Communitarian Agenda. 1st ed. London: Fontana Press, 1995, 22.

[41] Amitai Etzioni (2014) Communitarianism revisited, Journal of Political Ideologies, 19:3, 241-260, DOI: 10.1080/13569317.2014.951142.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.1.3

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

گەرچی هەموو ئەم کارانەی سەرەوە لەگەڵ تاک دەکات، بەڵام لە حاڵەتی پابەندنەبووندا هێز و فشاری فیزیکی دژی تاکەکان بەکاردەهێنێت، کە ئەمەش خاڵی جیاکەرەوەی فشاری کۆمەڵگا و فشاری دەسەڵاتە. کەواتە کۆمەڵگای تەندروست پێویستی بەو ویژدانە زیندوەی تاکەکان هەیە کە برەو بە بەها ئەخلاقیەکان بدات و ڕێگری لە سەرهەڵدانی ستەم و تاکڕەوی بکات[42].

کەواتە کۆمەڵگەراکان بە تێکڕا هاوڕان لەسەر ئەوەی بەها ئەخلاقییەکان ژێرخانێکی بنەڕەتین بۆ دروستبوونی کۆمەڵگایەکی تەندروست و ناکرێت تاکەکان بە پاساوی پێشێلکردنی ماف و ئازادییان پێوەی پابەند نەبن. بەها ئەخلاقییەکان هەندێکیان لە نەوەکانی پێشترەوە و هەندێکیشیان لە ئەنجامی دیالۆگی ئەخلاقی نێوان تاکەکان لەناو دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکاندا دێنە ئاراوە و ئەوەی وادەکات کە زۆرینەی تاکەکان پێوەی پابەند بن بریتیە لە بەدیهێنانی چاکەی گشتی و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی کۆمەڵگا. هەروەها بە دیدی کۆمەڵگەراکان ئەوەی دەبێتە هۆی ڕێبەری کۆمەڵگا و پارێزەری چاکەی گشتی دروستبوونی ویژدانێکی ئەخلاقی زیندووە لەناخی زۆرینەی تاکەکاندا کە فەرمان بە چاکەی گشتی و و ڕێگری لە سەرهەڵدانی خراپە و گەندەڵی و ستەم و تاکڕەوی دەکات. دواجار بەها ئەخلاقییەکان دەبنە فشارێکی نافەرمی لە ڕێکخستنی کۆمەڵگادا و هەموو ئەو بۆشاییانە پڕ دەکەنەوە کە یاساکان و دەزگا فەرمییەکانی دەوڵەت دەستەوستانن لەبەرامبەریدا و دەبنە پاڵپشتێکی گرنگ بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی کۆمەڵگا.

**بنەمای چوارەم: هاوسەنگی نێوان ئەرک و ماف**

یەکێکی دیکە لە بنەما جەوهەریەکانی تیۆری کۆمەڵگەرایی بریتیە لە ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان ئەرک و مافدا کە خاڵی جیاکەرەوەی نێوان ئایدۆلۆژیای لیبراڵیزم و سۆشیالیزم بوو لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا. لیبراڵەکان بە گشتی لایەنداری ماف و ئازادی بوون، لە بەرامبەردا سۆسیالیستەکان دژی لیبراڵەکان پێشەنگییاندا بە پرسی ئاسایش و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی. لەم نێوەندەدا کۆمەڵگەراکان هێڵی ناوەندیان لەنێوان لیبراڵ و سۆسیالیستەکان هەڵبژارد و بروایان وایە بژاردەی دروست ڕاگرتنی هاوسەنگیە لەنێوان ئەرک و مافدا نەک لایەنداریکردنی یەکێکیان دژی ئەوەی دیکەیان[43].

کۆمەڵگەراکان بە گشتی دژی ئەو بۆچونەی لیبراڵیزم دەوەستنەوە کە تاک لە کۆمەڵگادا هەمیشە خاوەن مافە و بژاردەی ئازاد لەبەردەمیدا کراوەیە و هیچ فاکتەرێکی دەرەکی و کۆمەڵایەتی نابێت دەستێوەردان لە کردەی بڕیاردانیدا بکات. بەتایبەت کۆمەڵگەرا وەڵامدەرەوەکانی وەک ئەمیتای ئێتزیۆنی جەخت لەوە دەکەنەوە کە تەنها تیشک خستنە سەر مافی تاک وەک لیبراڵەکان دەیکەن بەس نیە و هەموو کۆمەڵگاکان دەبێ هاوسەنگی لەنێوان دوو بەهای سەرەکی ڕابگرن، واتە ئەرک و بەرپرسیارێتی تاک لە بەرامبەر سەربەخۆیی و مافەکان. هەروەها پێیان وایە لەبەر ئەوەی کۆمەڵگا ڕاستەقینەکان مەیلیان هەیە بەرەو یەکێک لەم دوو بەهایە نزیکتر ببنەوە، ئەمەش زیان بە پێکهاتە و ئاسایشی کۆمەڵایەتیان دەگەیەنێت، بۆیە پێویستە بەرەو ناوەندێتی و هاوسەنگی ڕابکێشرێنەوە[44].

سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤیش ئەمیتای ئێتزیۆنی دەڵێت مافەکانی مرۆڤ سروشتی و گشتگیر نین، بەڵکو لە نەریت و کولتوور و ئەزمونی پێکهاتە تایبەتەکانەوە وەرگیراون، بۆیە مافەکانی مرۆڤ ڕەها و پیرۆز نین بەڵکو شایەنی گفتوگۆ و پێداچونەوەن و بەندن بە پێویستی و بەرژەوەندییەکانی تێکڕای کۆمەڵگا[45]. بەم جۆرە کۆمەڵگەرا نوێیەکان جەخت لە گرنگی بەرپرسیارێتی وەک هاوتا و تەواوکەرێک بۆ مافەکان دەکەنەوە. ئەوان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە تاکەکان پابەندبوون و ئەرکی ئەخلاقییان هەیە بەرامبەر بە کۆمەڵگاکانیان، ئەمەش ڕەنگە هەندێک جار پێویستی بە قوربانیدان یان سنووردارکردنی مافە کەسییەکانی خۆیان هەبێت لە پێناو خۆشگوزەرانی کۆمەڵدا. ئەوان ئەو بیرۆکەیە ڕەتدەکەنەوە کە تاکەکان خاوەنی سەربەخۆیی ڕەها و بەرژەوەندیخوازن، کە دەتوانن بەدوای بەختەوەریی خۆیاندا بگەڕێن بەبێ ئەوەی ڕەچاوی دەرئەنجامی کردەوەکانیان بکەن لەسەر ئەوانی دیکە، بەڵکو تاکەکان وەک ئەندامی چەسپاو و وابەستەی گروپە کۆمەڵایەتییەکان دەبینن، کە بوون و ناسنامەی خۆیان لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەوانی تردا دەدۆزنەوە[46].

---

[42] Ibid.

[43] Amitai Etzioni (2014) Communitarianism revisited, Journal of Political Ideologies, 19:3, 241-260, DOI: 10.1080/13569317.2014.951142.

[44] Etzioni, Amitai. 1993. The Spirit of Community: Rights, Responsibilities, and the Communitarian Agenda. 1st ed. London: Fontana Press, 1995, 22.

[45] Ibid.

[46] (N.d.). Friesian.com. Retrieved October 18, 2023, from https://www.friesian.com/rights.htm.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.1.3

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

لە ڕووی هاوسەنگکردنی ماف و بەرپرسیارێتیەکانەوە، کۆمەڵگەرا وەڵامدەرەوەکان پێیان وایە کۆمەڵگاکان دەبێ سیاسەتیان بەجۆرێک دابڕێژن کە بتوانن ڕووبەڕووی ئاڵنگاری و ناکۆکییەکان ببنەوە لە نێوان چاکەی گشتی و مافەکانی تاکدا. ئەم سیاسەتانەش وەک ئەمیتای ئێتزیۆنی دەڵێت دەبێت لەسەر بنەمای ڕاگرتنی هاوسەنگی بێت لەنێوان پێوەرەکانی وەک تەندروستی گشتی( Public Health) لەبەرامبەر تایبەتمەندێتی تاک (Individual Privacy) یاخود بنەمای ئاسایشی نیشتمانی (National Security) لە بەرامبەر ئازادی تاکەکەسدا (Individual Freedom)[47]. گرنگە ئاماژە بەوەش بکەین کە کۆمەڵگەرا وەڵامدەرەوەکان هۆشداری دەدەن لە فراوانکردنی پێناسەکان بۆ چەمکی "ماف" کە بەشێکی ئەو مافانەی بانگەشیان بۆ دەکرێت دژ بە زۆرێک لە پێوەرەکانی کۆمەڵگە مۆدێرنەکان دەوەستنەوە کە تێیدا خەڵکی هەم لە تۆرێکی پتەوی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دەژین و هەم تا ئاستێکی بەرچاو ئازادی و سەربەخۆیی خۆشیان پاراستووە. ئەمەش ئەو گریمانەیەی لیبراڵەکان پوچەڵ دەکاتەوە کە چەمکی ماف و ئازادی هاوتەریب بە یەک دەکەن و پێیان وایە مادام پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان ئازادی تاکەکان پێشێل دەکەن، ڕاستەوخۆ مافەکانیشیان لەلایەن کۆمەڵگاوە لێ زەوت دەکرێت.

ئەمیتای ئێتزیۆنی تیشک دەخاتە سەر پەیوەندی نێوان ئەرک و ماف و دەڵێت، "بەڕاستی کارێکی نائەخلاقیە مرۆڤ ئامادەبێت وەربگرێت بەڵام ئامادە نەبێت ببەخشێت، چونکە ئەوە کردەیەکی تەواو خۆپەرستانەیە کە هیچ کۆمەڵگایەک قبوڵی ناکات"[48]. بە واتایەکی دیکە هیچ لۆژیکێک ئەوە قبوڵ ناکات کە تاک بانگەشەی ئەوە بکات کە پێویستە خزمەت بکرێت بەبێ ئەوەی خۆی هیچ خزمەتێک پێشکەش بکات. ئەمیتای ئێتزیۆنی پێی وایە ئەم بۆچونەی لیبراڵەکان کە تەنها گرنگی بە ماف و ئازادی دەدات تەواو دژی بنەماکانی دادپەروەری و عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەوەستێتەوە چونکە بناغەی عەدالەتی کۆمەڵایەتی بریتیە لە هاوبەرامبەری (Reciprocity)[49]. بەپێی ئەم چەمکەش هەموو تاکەکان بەرپرسیارن بەرامبەر بە پێشخستنی کۆمەڵگە و لە بەرامبەریشدا کۆمەڵگا بەرپرسیارە لە پاراستنی ئاسایش و سەلامەتی تاکەکان. بەم پێیەش، عەدالەتی کۆمەڵایەتی بە بێ بونی تاکی بەرپرسیار و خاوەن ئەرک بەدی نایەت و پایەکانی دامەزراو نابێت.

بەبۆچونی ئێتزیۆنی هەموو تاکەکان بەرپرسیارن لەوەی هاریکاری دەزگا فەرمیەکانی دەوڵەت و دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان بکەن لەپێناو بەرژەوەندی تاکەکەسی و جڤاکی خۆیان تا ژیان و ماف و سەر وماڵیان پارێزراو بێت لە دەستدرێژیکردن[50]. لە هەمان کاتدا جەخت لەوەش دەکاتەوە کە ئەندامانی کۆمەڵگا ئەرکێکی دیکەیان لەسەر شانە، ئەویش هەوڵدانە لەپێناو چاکەی گشتی و هاوکاری کردنی ماددی و مەعنەوی تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگا. ئەمەش بە مانای خۆبەقوربانیکردن نیە لەپێناو ئەوانی دیکەدا، بەڵکو تێگەیشتنە لەو ڕاستیەی کە هیچ یەکێک لە ئێمە لە دورگەیەکی پەراگەندەدا ناژی کە چارەنوسی کاریگەری لەسەر ژیانی ئەوانی تر نەبێت و بەپێچەوانەشەوە. لە بەرامبەریشدا کۆمەڵگا بەرپرسیارە بەرامبەر بە هەر تاکێک لە کاتی لێقەومان بەهۆی ڕووداوە مرۆیی و سروشتیەکانەوە، یاخود لەڕێی دابینکردنی پێداویستیە سەرەتاییەکانی ژیان بۆ ئەو کەسانەی کە توانای دابینکردنیان نیە، یان لەڕێی دابینکردنی ئاسایش و ئارامی کۆمەڵایەتیەوە کە تاکەکان ئازادانە بتوانن مامەڵە ژیاری و بازرگانیەکانیان ئەنجام بدەن[51].

لەپاڵ خستنەڕووی تێز و پێشنیارەکانیان بۆ ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگا، کۆمەڵگەرا وەڵامدەرەوەکان بەتێکرا نارازی و نیگەرانن لە سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمەریکا کە سەرتاپا لەسەر هزری لیبراڵیزم و تاکگەرایی بونیاد نراوە و ڕۆڵی خێزان و گروپە کۆمەڵایەتیەکانی تەواو پشتگوێ خستووە. ماری ئان گلێندن (Mary Ann Glendon)[52] کە یەکێکە لە ئەندامانی ڕەوتی کۆمەڵگەرا وەڵامدەرەوەکان ڕەخنەی توند لە تاکگەرایی ئەمەریکی دەگرێت و ئەو فۆرمە لیبرالیزمەی ئەمەریکا ناودەنێت لیبرالیزمی ڕادیکاڵ (Radical Liberalism) کە تێیدا ئازادی تاک و مافگەرایی لەڕێی دەسەڵاتی دادوەریەوە چەسپێنراوە و جۆرێک لە سەروو-تاکگەرایی (Hyper-individualism)ی دروستکردووە کە هیچ پانتاییەکی بۆ ئەرک و بەرپرسیارێتی جڤاکی و کۆمەڵایەتی نەهێشتوەتەوە[53].

---

[47] Etzioni, Amitai. 1993. The Spirit of Community: Rights, Responsibilities, and the Communitarian Agenda. 1st ed. London: Fontana Press, 1995, 4-22.
[48] Etzioni, Amitai, ed. 1998. The Essential Communitarian Reader. Lanham, MD: Rowman & Littlefield, xiv.
[49] Ibid.
[50] Ibid.
[51] (N.d.). Friesian.com. Retrieved October 18, 2023, from https://www.friesian.com/rights.htm
[52] Glendon, Mary Ann. 2008. Rights Talk: The Impoverishment of Political Discourse. New York, NY: Free Press, 245-218.
[53] Ibid.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.1.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (8) – العدد (1)، حزيران 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

دەرئەنجامی ئەو جۆرەش لە ڕۆچوون لە بابەتی مافی ئازادی و تاکگەرایی بریتیە لە ناکۆکی و پێکدادانی کۆمەڵایەتی و نەمانی ڕوحی سازان و ڕێکەوتن لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگەی ئەمەریکیدا. تەنانەت ئەم جۆرە لە ڕۆچوون لە پرس و ئازادی و مافی تاکدا لە کۆمەڵگەی ئەمەریکیدا بەجۆرێک کۆمەڵگەرا وەڵامدەرەوەکانی نیگەران کردووە کە ڕۆبەرت بێلا و ئەمیتای ئێتزیۆنی، وەک ڕابەرانی ڕەوتەکە بە فەرمی داوا لە دەسەڵاتدارانی ئەمەریکا بکەن کە لە شاری نیویۆرک لە بەرامبەر پەیکەری ئازادیدا ( Statue of Liberty ) پەیکەرێکیش بە ناوی "پەیکەری بەرپرسیارێتی" ( Statue of Responsibility ) دروست بکەن[54]. ئەمەش وەک هێمایەک بۆ ئەوەی تاکەکان لە کۆمەڵگادا تەنها خاوەن مافی ئازادی نین، بەڵکو ئەرک و بەرپرسیارێتیەکی کۆمەڵایەتیشیان لەسەرە کە دەبێت لە ئەستۆی بگرن.

پاشان ناکۆکی نێوان لیبراڵ و کۆمەڵگەراکانی ئەمەریکا لەبارەی ئازادی و مافی تاک لەبەرامبەر ئەرک و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیدا لە پرسەکانی وەک یاساکانی پشتێنەی سەلامەتی و بەستنی کڵاوی ماتۆڕسکیلدا بەتەواوی ڕەنگ دەداتەوە. ئەمیتای ئێتزیۆنی ئەو مافە لە شۆفێر یان ماتۆڕسوار وەردەگرێتەوە کە خۆیان بڕیار بدەن پشتێنی سەلامەتی یان کڵاوی ماتۆڕسکیل لەبەر بکەن چونکە ئەگەر ڕوداوێکیان بەسەر هات یان بریندار بوون، ئەوا خەڵکانی دیکەی کۆمەڵگە دەبێت تێچووی زیان و چارەسەرە پزیشکییەکانیان بدەن[55].

بە واتایەکی دیکە هیچ تاکێک نابێت بانگەشەی ئەوە بکات کە ئازادانە مافی ئەوەی هەیە کە پشتێنی سەلامەتی یان کڵاوی ماتۆڕسکیل نەبەستێت، چونکە کاتێک توشی ڕووداوی هاتوچۆ دەبێت باجەکەی دەبێت حکومەت و کۆمەڵگا بیدات. واتە تێچووی چارەسەرە پزیشکی و ماددیەکانی دەکەوێتە سەر خەرجی حکومەت کە سەرچاوەی سەرەکی داهاتی حکومەتی ئەمەریکیش بریتیە لە کۆکردنەوەی باج لە هاوڵاتییەکانی. کەواتە شۆفێر و ماتۆڕسوارەکان ئەرک و بەرپرسیارێتی ئەوەیان دەکەوێتە سەر شان کە بەجۆرێک ڕێنماییەکانی سەلامەتی و خۆپارێزی جێبەجێ بکەن کە لەکاتی توشبونیان بە ڕووداوی هاتوچۆ سەلامەت بن و نەبنە بارگرانی بۆسەر شانی حکومەت و کۆمەڵگا[56].

ئەم جۆرە بەڵگەهێنانەوەیەی ئێتزیۆنی عەقڵانی و سەرنجڕاکێشە، چونکە ڕەتکردنەوەی بەرپرسیارێتی بەستنی پشتێنەی سەلامەتی و کڵاوی ماتۆڕسکیل وابەستەی مافێکی دیکەیە کە لەو حاڵەتەدا شۆفێر و ماتۆڕسوارە بریندارەکان مافی ئەوەیان نابێت لەسەر حیسابی گشتی چارەسەر بکرێن. کەواتە کاتێک شۆفێر یان ماتۆڕ سوارەکە بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئازادە پشتێنی سەلامەتی نەبەستێت، ڕاستەوخۆ حاشا لە بەدەستهێنانی مافێکی دیکەی دەکات کە وەرگرتنی چارەسەری پزیشکیە لەسەر ئەرکی حکومەت.

بۆیە ئەگەر پرسیار لە هەر یەکێک لەو شۆفێرانە بکەیت، ئایا ئامادەی لە بەرامبەر زەوتکردنی بەشێک لە ئازادییەکانت پشتێنی سەلامەتی یان کڵاوی ماتۆڕسکیل بیبەستیت بە مەرجێک تێچووی زیانەکانت لە کاتی هەر ڕووداوێکدا لەسەر حکومەت بێت، بێگومان وەڵامەکەی بەڵێ دەبێ و ئامادە دەبێت دەستبەرداری مافی یەکەم بێت لەپێناو دەستەبەرکردنی مافی دووەمدا. دەرئەنجام کۆمەڵگەراکان تەنها بەوە ناوەستن کە هاوسەنگی لە نێوان ماف و بەرپرسیارێتیدا دروست بکەن، بەڵکو دەیانەوێت هەندێک ماف لە بەرژەوەندی هەندێک مافی دیکە ڕەت بکەنەوە، کە زۆرینەی تاکەکەنی کۆمەڵگا کە عەقڵانی بیردەکەنەوە ئەو بژاردەیە پەسەند دەکەن[57].

لە بەرامبەردا پێچەوانەی "ئەرک" بریتیە لە "ئازادی" یان "سەربەخۆیی"، بەو واتایەی ئەوانی دیکە هیچ مافێکی دیاریکراویان نیە کە پێویست بکات ڕەچاو بکرێت. ئازادی بەتایبەت لە دیدگای لیبراڵەکانەوە مافێکە بۆ مامەڵەکردن بەبێ هیچ سنورێک، ئەمەش بەو مانایەیە کە ئازادی هیچ مافێک بۆ ئەوانی دیکە ناهێڵێتەوە کە ئەمەش تەواو پێچەوانەی چەمکی مافە. بۆیە کۆمەڵگەراکان ئەم جۆرە لە ئازادی ڕەها بە یەکجاری ڕەتدەکەنەوە و پێیان وایە کە دەبێت دەسەڵات بدرێتە کۆمەڵگا یاخود حکومەت کە ڕەفتاری سەربەخۆیانەی تاکەکان کۆتوبەند بکات لەپێناو ئەوەی زیان و پابەندیەکانی تاک بۆ سەر کۆمەڵگا کەمتربێتەوە. بەم جۆرەش هەموو تاکێک بەرپرسیار دەبێت بەرامبەر پاراستنی کۆمەڵگا لەبری ئەوەی تەنها بەرپرسیار بێت بەرامبەر بە ڕەفتار و مامەڵەکانی خۆی. بۆ نمونە لە پرسی بەرەنگاربونەوەی ماددەی هۆشبەردا، ئەمیتای ئێتزیۆنی بۆچونی وایە کە هەرگیز ناکرێت یاسا ڕێگە بدات

54 (N.d.). Friesian.com. Retrieved October 18, 2023, from https://www.friesian.com/rights.htm.
55 Etzioni, Amitai, ed. 1998. The Essential Communitarian Reader. Lanham, MD: Rowman & Littlefield, xi.
56 Etzioni, Amitai. 1993. The Spirit of Community: Rights, Responsibilities, and the Communitarian Agenda. 1st ed. London: Fontana Press, 1995, 15.
57 (N.d.). Friesian.com. Retrieved October 18, 2023, from https://www.friesian.com/rights.htm.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.1.3

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

بازرگانی بە ماددەی هۆشبەر بکرێت و لە بازاڕەکاندا مامەڵەی پێوە بکرێت، چونکە خودی یاساکان ڕەنگدانەوەی بەهاکانی کۆمەڵگان و لەهەمان کاتیشدا دەبنەوە بە پارێزەری کۆمەڵگا[58].

دواجار کۆمەڵگەراکان بڕوایان بە ناوەندێتی و ڕاگرتنی هاوسەنگیە لەنێوان ماف و ئەرکدا و پێیان وایە تاک کاتێک دەتوانێت داوای ماف بکات کە ئەرکەکانی سەرشانی جێبەجێ کردبێت. کۆمەڵگەراکان ئەو بۆچونە ڕەتدەکەنەوە کە ئەرک و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بکرێتە قوربانی ماف و ئازادیە تایبەتی و کەسیەکان. هەربۆیە لەم سۆنگەیەوە کۆمەڵگەراکان بەدوای خاڵی هاوبەشدا دەگەڕێن لەنێوان ئەرک و مافدا تا زەمینەیەکی گونجاو بڕەخسێنن بۆ دیالۆگ و سازان و لێکتێگەیشتنی تاکەکانی کۆمەڵگا. هەروەها کۆمەڵگەراکان بانگەشەی ئەوە ناکەن کە وەڵامی کۆتایی یان یەکلاکەرەوەیان بۆ پرسیارەکانی ماف و بەرپرسیارێتی هەیە، بەڵکو هەوڵی ئالنگاریکردن و دەوڵەمەندکردنی ئەو بۆچونانە دەدەن کە لەئارادایە. ئامانجیان سەپاندنی بۆچوونەکانیان نییە بەسەر ئەوانی تردا، بەڵکو مەبەستیان پێداچونەوە و هێنانە کایەی جیهانبینی نوێیە. ئەوان هەوڵی نەهێشتن یان سەرکوتکردنی ماف و ئازادیەکانی تاک نادەن، بەڵکو هەوڵی هاوسەنگکردن و تەواوکردنی دەدەن بە دروستکردنی هەستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی.

**بنەمای پێنجەم: چاکەی گشتی لە بەرامبەر چاکەی تایبەتدا**

چەمکی چاکەی گشتی لە کایەی ئاین و سیاسەت و فەلسەفەدا بە درێژایی مێژوو جێی گفتوگۆی شارەزایانی ئەو بوارانە بووە، هەندێک جار لەبری "چاکەی گشتی" (Common Good) چەمکی "بەرژەوەندی گشتی" (Public Interest) یاخود "سودی هەموان" (Common Interest) بەکارهاتووە و هەموویان بۆ مەبەستێکی تایبەت و لە سیاقێکی جیاوازدا بەکارهاتوون. ئەمیتای ئێتزیۆنی پێناسەی چەمکی چاکەی گشتی دەکات و دەڵێت، "مەبەست لەو کردە مرۆییانەیە کە خزمەت بە بەرژەوەندی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو و دامەزراوەکانی دەکات کە تێیدا بەرژەوەندی گرووپێکی دیاریکراو لەبەرچاو ناگیرێت و تەنانەت خزمەتی بەرژەوەندی ئەو هاوڵاتییانە دەکات کە لە داهاتوودا دێنە ئەو وڵاتە یاخود نەوەکانی داهاتوو کە هێشتا لەدایکنەبوون"[59]. کەواتە چاکەی گشتی یەکێکە لە بەها ئەخلاقیە باڵاکان کە ئامانجەکەی دوور مەودایە و بە چاکە و خۆشگوزەرانی تاکەکانی ئێستاوە ناوەستێت و خەم لە نەوەکانی داهاتوش دەخوات.

دیدگای لیبراڵی لە قۆناغی ڕۆشنگەریەوە تا قۆناغی پۆست مۆدێرن، بوون و ماهییەتی چەمکی چاکەی گشتی بە یەکجاری ڕەتدەکاتەوە و لیبراڵەکان پێیان وایە جگە لە بەرژەوەندی کەسی تاکەکان، شتێک نیە بەناوی چاکەی گشتی هەموو کۆمەڵگا، بەڵکو ئەوە تەنها ئامرازێکی دیکەی کۆمەڵگەراکانە بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادی تاکەکان و زەوتکردنی مافەکانیان. لە وەڵامدا کۆمەڵگەرا نوێیەکان (وەڵامدەرەوەکان) بە ڕابەرایەتی ئەمیتای ئێتزیۆنی بۆ ڕێکخستن و هاوسەنگکردنی پەیوەندی نێوان مافی تایبەتی کەسەکان (Privacy) و چاکەی گشتی (Common Good) کۆمەڵگا یاخود لە چ حاڵەتێکدا دەکرێت یەکێکیان پێش ئەوەی دیکەیان بخرێت، چوار پێشمەرجی سەرەکی وەک نەخشەڕێگایەک دەخەنەڕوو کە بریتین لە[60]:

**یەکەم:** کۆمەڵگا ئازادەکان خۆویستانە مافی تایبەتمەندی کەسەکان سنوردار دەکەن تەنها لەو حاڵەتانەی کە هەست دەکەن مەترسی لەسەر چاکەی گشتی هەموان هەیە لە نمونەی دروستبوونی مەترسی لەسەر ئاسایشی گشتی یان تەندروستی کۆمەڵگا. ئەم مەترسیانەش نابێت مەترسی خەیاڵی و دروستکراو بن بەڵکو دەبێت بە بەڵگەی پشتڕاستکراو بسەلمێنرێت.

**دووەم:** پاش ئەوەی بڕیاردرا کە چاکەی گشتی پێویستی بە هاوسەنگی هەیە، دەبێت پێودانگی نوێ بۆ هاوسەنگکردنی تایبەتمەندی کەسیش دابنرێت. بۆ نمونە کاتێک توێژینەوەیەکی زانستی لەسەر بڵاوبونەوەی نەخۆشی ئایدز (HIV) ئەنجام دەدرێت، پێویستە تایبەتمەندیە کەسیەکانی وەک ناو و ناسنامە و شوێنی نیشتەجێبوون لە توێژینەوەکەدا لاببرێت تا زیان بە تایبەتمەندی کەسیان نەگەیەنرێت.

**سێیەم:** ئەگەر هاتوو بڕیار درا لەپێناو چاکەی گشتیدا تایبەتمەندی کەسەکان سنوردار بکرێت، کۆمەڵگا ئازادەکان دەبێت ڕێکارێک بگرنە بەر کە کەمترین سنورە کەسیەکان ببەزێنن. بۆ نمونە،کاتێک هەموان هاوڕان لەسەر ئەوەی پێویستە بەردەوام پشکنینی ماددە کحولیەکان بۆ ئەو کەسانە بکرێت کە ژیانی ئەوانی دیکەیان بەدەستە وەک شۆفێری پاسی قوتابخانەکان، هەندێک لە کۆمپانیاکان بۆ دڵنیایی خۆیان تۆماری ڤیدیۆیی پرۆسەی پشکنینەکە دەگرن کە ئەمەش بەزاندنی سنوری مافە کەسیەکانە و نابێت بکرێت.

[58] Etzioni, Amitaie, ed. 1998. The Essential Communitarian Reader. Lanham, MD: Rowman & Littlefield, xx.
[59] Etzioni, Amitai. n.d. "Common Good." https://doi.org/10.1002/9781118474396.wbept0178.
[60] Ibid.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.1.3

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**چوارەم**: لەو حاڵەتانەی پێویست بە بەزاندنی سنوری تایبەتمەندیە کەسیەکان دەکات، دەبێت هەڵسەنگاندن بۆ ئەو ڕێکارانە بکرێت کە لێکەوتەی نەخوازراویان لێدەکەوێتەوە. بۆ نمونە ئەگەر هاتوو بۆ ڕێگریکردن لە بڵاوبونەوەی نەخۆشی ئایدز پشکنینی گشتی هەموان پێویست بوو، دەبێت تۆماری پشکنینەکان زۆر بە نهێنی هەڵبگیرێت و بڵاونەکرێتەوە.

هەربۆیە بە تێڕوانینی ئەمیتای ئێتزیۆنی، ئەم پێشمەرجانە کۆتایی بە ڕەخنە و پاساوی لیبراڵەکان دەهێنن و تا ئاستێکی باش پەیوەندی نێوان مافی تایبەتمەندی کەسەکان و چاکەی گشتی هاوسەنگ دەکرێت. ئەمیتای ئێتزیۆنی لە کتێبی "یاسا ئاڵتونیە نوێیەکە" (The New Golden Rule)، تیشک دەخاتە سەر چەمکی "چاکەی گشتی" وەک پرەنسیپێکی سەرەکی تیۆری کۆمەڵگەرایی[61]. ئێتزیۆنی لەم بەرهەمەیدا پێچەوانەی لیبراڵەکان کە جەخت لە ماف و ئازادی تاکەکەسی دەکەنەوە، هەروەها کۆنسێرڤەتیڤەکان کە گرنگی بە دەسەڵات و ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەدەن، تێزێکی سەرەکی دەخاتە ڕوو کە دروستکردنی کۆمەڵگایەکی تەندروستە کە تێیدا "چاکەی گشتی" وەک بەهایەکی ئەخلاقی باڵا هاوسەنگە لەگەڵ ماف و ئازادییەکانی تاکدا. ئێتزیۆنی لەم پێشنیارەیدا تێزی کۆمەڵگەرا کۆنەکانی تێپەڕاند کە جەختیان لەوە دەکردەوە دەبێت پێشەنگی بدرێت بە چاکەی گشتی لەبەرامبەر ماف و ئازادیدا[62]. لە بەرامبەردا ئێتزیۆنی جەختی لە ڕێگەیەکی ناوەند کردەوە کە بریتیە لە ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان چاکەی گشتی و بەرژەوەندی تایبەتدا.

ئەمیتای ئێتزیۆنی بە ئاشکرا ڕەخنەش لە دیدی لیبرتاریەکان (Libertarian) دەگرێت کە پێیان وایە ئازادی و سەربەخۆیی مرۆڤەکان دەبێت پێش هەموو بەهایەکی دیکە بخرێن و دەوڵەت کەمترین دەستێوەردان بکات لە کاروباری تاکدا. ئێتزیۆنی دەڵێت لیبرتاریەکان نەک تەنها پێشەنگی بە ئازادی تاک دەدەن بەڵکو هەموو بەها و نۆرمە ئەخلاقیەکانی کۆمەڵگا بە نەرێنی لەقەڵەم دەدەن[63]. هەر بۆیە لیبرتاریەکان چەمکی "چاکەی گشتی" بە ڕەهایی ڕەتدەکەنەوە چونکە پێیان وایە چاکەی گشتی دەبێتە بەربەست لەبەردەم بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی تاک، بۆیە بە دوو هەنگاو نکۆڵی لە بوونی شتێک بەناوی چاکەی گشتی دەکەن کە بریتن لە[64]:

**یەکەمیان**: گریمانەی ئەوەیە ئەگەر چاکەی گشتی بوونی هەبێت، دەبێت بونێکی میتافیزیکی (خودا) لە پشتیەوە هەبێت کە سودمەندی کۆتا ئەم بونە مێتافیزیکیە دەبێت نەک مرۆڤەکان. بە واتایەکی دیکە چاکەی گشتی ئەگەر بونی هەبێت چەمکێکە کە ئایندارەکان بانگەشەی بۆ دەکەن ئەویش ئامرازێکە لەپێناو بەرژەوەندی خودایە نەک بەرژەوەندی مرۆڤەکان.کەواتە لیبرتاریەکان لە هەنگاوی یەکەمدا حاشا لەو بوونە میتافیزیکیە دەکەن کە خولقێنەری مرۆڤەکانە و دەبێتە پاڵنەرێکی بەهێز بۆ بەرجەستەکردنی چاکە لە کۆمەڵگادا.

**دووەمیان**: لەم هەنگاوەشدا بوونی چاکەی گشتی بە ڕەهایی ڕەتدەکەنەوە و پێیان وایە ئەوەی هەیە بەرژەوەندی تاکەکانە نەک کۆمەڵگە. بۆ نمونە ڕۆبەرت نۆزیک (Robert Nozick) لەمبارەیەوە دەڵێت، "هیچ پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی نیە کە لەپێناو خودی پێکهاتەکەدا چاکەی گشتی بەرجەستە بکات، بەڵکو هەر تاکەکان بۆ خۆیان و هەرکەسە و ژیانێکی تایبەت بەخۆی هەیە"[65]. هەروەها مارگرێت تاچەر (Margaret Thatcher)، سەرۆک وەزیرانی پێشوتری بەریتانیا حاشا لە بونی شتێک بەناوی کۆمەڵگاوە دەکات و دەڵێت، "پێم بڵێن کۆمەڵگا کێیە؟ شتێک نیە بەو ناوەوە! تەنها تاکی پیاو و ژن و دواتریش خێزان بونیان هەیە"[66]. کەواتە لیبرتاریەکان لە یەک کاتدا بوونی کۆمەڵگا و چاکەی گشتی ڕەتدەکەنەوە و پێیان وایە ئەوەی هەیە تەنها تاکەکان و بەرژەوەندیەکانیانە.

لە بەرامبەردا کۆمەڵگەرا نوێیەکان ڕایان وایە چاکەی گشتی بونێکی سەربەخۆی هەیە و پێویستی بە پێشمەرجی بوونێکی میتافیزیکی نیە کە سودمەندبێت لە بەرجەستەکردنی چاکەی گشتی. ئەمیتای ئێتزیۆنی دەڵێت پێشنیاری کۆمەڵگەرایی ئەوەیە کە

[61] Etzioni, Amitai. 1997. The New Golden Rule. London, England: Profile Books: 260-332.
[62] Amitai Etzioni (2014) Communitarianism revisited, Journal of Political Ideologies, 19:3, 241-260, DOI: 10.1080/13569317.2014.951142
[63] Ibid.
[64] Vossen, Bas van der, and Billy Christmas. 2023. “Libertarianism.” In The Stanford Encyclopedia of Philosophy.

[65] Nozick, Robert. 2013. Anarchy, State, and Utopia. London, England: Basic Books:8-381.
[66] Margaret Thatcher, as quoted by The Spectator, ‘Margaret Thatcher in quotes’, 8 April 2013, available at http://blogs.spectator.co.uk/coffeehouse/2013/04/margaret-thatcher-in-quotes/.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.1.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

چاکەی گشتی لەپێناو خزمەتکردنی چاکەی ئەوانی دیکە ئەنجام دەدرێت بەبێ لەبەرچاو گرتنی ئەوەی ئەو کەسانە کێن و یاخود ئەندامی ئەو کۆمەڵگایەن لەو کاتەدا یاخود بریتین لە نەوەکانی داهاتوو و بەشێک نین لە کۆمەڵگای ئێستا، بەڵام دەکرێت لەپێناو چاکەی ئەواندا ڕێگری لەزۆر کارەساتی سروشتی و ژینگەیی بگیرێت[67].

کەواتە بە دیدگای کۆمەڵگەراکان چاکەی گشتی لەبەر کەسێک یان چینێکی دیاریکراو بەرجەستە ناکرێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی خودی کارەکە "چاکە" یان "دروستە" پێویستە پەرەی پێبدرێت. بۆ نمونە پرۆژەکانی ڕێگریکردن لە گەرمبوونی زیاتری بەرگەهەوا و گۆرانی کەش و هەوا و کەمبونەوەی سەرچاوەکانی وزە ئەگەرچی تێچویەکی زۆریان هەیە، بەڵام لە مەودای دووردا لەبەر پاراستنی ژیانی نەوەکانی داهاتوو کە ناشزانرێت کێن بە ئەنجام دەگەینرێت. هەروەها چاکەی گشتی برەودان و پاراستنی ئەو کەلوپەل و دەزگایانەش لەخۆ دەگرێت کە لەلایەن کۆمەڵگاوە خاوەندارێتی دەکرێن نەک کەسەکانەوە وەک بەڵگەنامە و شوێنەوارە مێژووییەکان، ناوچە گەشتیاریەکان و دامەزراوە دیموکراسی و یاساییەکان. بە واتایەکی دیکە ئەرکی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگایە کە ئەو دامەزراوە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیانە بپارێزێت کە پەیوەندیان بە ئێستا و داهاتووی ئەو کۆمەڵگایەوە هەیە.

لە هەمان کاتدا کۆمەڵگەرا وەڵامدەرەوەکان بە ڕابەرایەتی ئەمیتای ئێتزیۆنی بۆچونیان وایە کە "سەربەخۆیی تاک" وەک مافێکی گەردونی و "چاکەی گشتی" وەک بنەمایەکی ئەخلاقی گرنگ دوو چەمکن دەکەونە ململانێوە ئەگەر هاوسەنگی لە نێوانیاندا ڕانەگیرێت. ئێتزیۆنی بۆچونی وایە ماف و چاکەی گشتی لەبەر ئەوەی هەردوکیان لەسەر بنەمایەکی ئەخلاقی دروست بوون پەیوەندیەکی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە و زۆرجار یەکتری تەواو دەکەن یاخود یەکتری سەردەخەن[68]. هەروەها باس لەوەش دەکات ئەم پەیوەندیە دوالیزمە کاتێک دەشێوێت کە ئاستی ململانێی نێوان ماف و چاکە قوڵێتەوە یان بە زۆرەملێی سیاسی هەوڵ بدرێت یەکێکیان بەسەر ئەوی دیکەیاندا بسەپێنرێت. بۆ نمونە کاتێک ئاسایشی گشتی کۆمەڵگا بە کەمترین کۆتوبەند و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی دەستەبەر دەکرێت، ماف و چاکە بە هەمان ئاست گەشە دەکەن، بەڵام ئەگەر هەردوکیان پشتگوێخران، یاخود یەکێکیان پێش ئەوی دیکەیان خران، ئەوا هاوسەنگیەکە تێک دەچێت.

لەم سۆنگەیەوە کۆمەڵگەرا وەڵامدەرەوەکان جەخت لەوە دەکەنەوە یەک جۆر هاوسەنگی نیە لە نێوان ماف و چاکەدا کە بەسەر هەموو کۆمەڵگاکاندا جێبەجێ بکرێت، بەڵکو هەر کۆمەڵگایەک بەپێی زەمینەی مێژوویی و کلتوری خۆی دەتوانێت ئەو هاوسەنگیە لە نێوان ماف و چاکە یاخود ماف و ئەرک ڕابگرێت. ئێتزیۆنی دەڵێت، "هەرچەندە ڕەخنەگران دژی ئەم هاوسەنگیەن و بەکارێکی قورس و ئەستەمی دادەنێن بەڵام دامەزراوە یاسایی و دەستوریەکان زۆر بە باشی لە هەوڵی ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوان ماف و چاکەن بەبێ ئەوەی ئاگاداری ئەم مشتومڕە تیۆری و فەلسەفیە بن لەسەر چەمکەکان"[69]. کەواتە لە واقیعی ئێستادا، یاسادانەر و دادوەران لەو ڕاستیە گەیشتوون کە دەبێت هاوسەنگی لەنێوان چاکەی گشتی لەبەرامبەر ماف و ئازادی تاکەکان ڕابگیرێت و بەشێوەیەکی سروشتی خۆیان بەدوور دەگرن لە پێشەنگی دان بەهیچ یەکێکیان.

لێرەوە کۆمەڵگەراکان بە تایبەت کۆمەڵگەرا ئەکادیمیەکان سودیان لە بۆچونەکانی فەیلەسوفی یۆنانی ئەرستۆ وەرگرتووە کە هەموو دیدگایەک دەربارەی چاکەی گشتی لە دەرەوەی کۆمەڵگا دیدگایەکی ناواقیعی و نائەخلاقیە. پێشنیاری ئەوەش دەخەنە ڕوو کە بوونی کۆمەڵگا خۆی لەخۆیدا گەورەترین چاکەی گشتیە و دەبێتە سەرچاوەی چەندین جۆر فەزیلەت و چاکەی دیکە. جەوهەریترین فەزیلەتی بوونی کۆمەڵگا بریتیە لەوەی پابەندبوونی کۆمەڵایەتی نافەرمی دەچەسپێنێت کە زۆرجار دەبنە جێگرەوەیەک یان پاڵپشتێکی باش بۆ یاسا بەرکارەکان، کە ئەمەش دەرئەنجام ئاسایشی کۆمەڵگا دەپارێزێت، بەڵام دەشکرێت لە هەندێک حاڵەتدا ئاراستەی کۆمەڵگە بەرەو ئاقارێکی خراپ ببرێت کاتێک کلتور و بۆندە کۆمەڵایەتیەکان و پەیکەری سیاسی دەبێتە ئامرازی خۆسەپاندن و چەوساندنەوە.

دواجار بۆ ڕێگریکردن لەوەی چاکەی گشتی ببێتە ئامرازی تاکڕەوی و ستەمکاری، کۆمەڵگەراکان جەخت لەوە دەکەنەوە هەتا ڕێکەوتنێکی کۆمەلایەتی نەکرێت لەسەر ئەوەی چاکەی گشتی چیە و چۆن بەرجەستە دەکرێت، هیچ بناغەیەکی ئەخلاقی دروست نابێت بۆ گەشەپێدانی بەها مرۆییەکان و چارەسەرکردنی ناکۆکی نێوان تاک و گروپەکانی کۆمەڵگا. چاکەی گشتی لەم نێوەندەدا زەمینەیەکی گونجاو دەخولقێنێت بۆ بەیەکگەیشتنی ئەو کەسانەی جیهانبینی و ئایدۆلۆژیایان جیاوازە لەسەر برەودان بە بنەما

[67] Amitai Etzioni (2014) Communitarianism revisited, Journal of Political Ideologies, 19:3, 241-260, DOI: 10.1080/13569317.2014.951142
[68] Etzioni, Amitai. n.d. "Common Good." https://doi.org/10.1002/9781118474396.wbept0178.
[69] Amitai Etzioni (2014) Communitarianism revisited, Journal of Political Ideologies, 19:3, 241-260, DOI: 10.1080/13569317.2014.951142

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.1.3

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (8) – العدد (1)، حزيران 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

ئەخلاقیە هاوبەشەکان. بۆیە کۆمەڵگەراکان سوورن لەسەر ئەوەی ئەو گرێبەستە کۆمەڵایەتیە زۆر پێویستە بۆ ڕێکەوتن لەسەر ڕۆڵ و چۆنێتی بەرجەستەکردنی چاکەی گشتی و ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانی تاکڕەو و ستەمکاری.

لە کۆتاییدا، کۆمەڵگەرا نوێیەکان بە ڕێبەری ئەمیتای ئێتزیۆنی جەخت لە ڕاگرتنی هاوسەنگی دەکەنەوە لەنێوان چاکەی گشتی و چاکەی تایبەتدا. هۆکاری ئەم هاوسەنگییەش بۆ ڕەخنەی لیبراڵەکان دەگەڕێتەوە کە پێیان وایە ماف و ئازادییە کەسیەکان لەلایەن کۆمەڵگەراکانەوە و لەژێر ناوی چاکەی گشتیدا زەوت دەکرێن. کۆمەڵگەرا نوێیەکان تیشک دەخەنە سەر ئەوەی کە بوونی کۆمەڵگا خۆی لە خۆیدا چاکەیەکی گشتیە و پێویستە ڕۆڵ و کاریگەری بەهەند وەربگیرێت، لە بەرامبەریشدا تاکەکان پێویستە خزمەتکردنی کۆمەڵگا وەک چاکەیەکی گشتی باڵا سەیر بکەن. هەروەها جەختیش لەوە دەکەنەوە کە چاکەی گشتی لەبەر ئەوەی لێکەوتەکانی دروست و چاکە بۆ هەموان، پێویستی بە هێزێکی میتافیزیک یان ئاینی نیە کە لەڕێی باوەڕهێنانەوە فشار لە تاکەکان بکات، بەڵام پێویستە لەناو چینەکانی کۆمەڵگادا سازان و گرێبەستێک هەبێت لەسەر پرەنسیپە گشتیەکان و چۆنێتی بەرجەستەکردنی چاکەی گشتی.

**دەرئەنجام**

تیۆری کۆمەڵگەرایی وەک یەکێک لە تیۆریە سیاسیە هاوچەرخەکان لەسەر کۆمەڵێک بنەما و پرەنسیپی سەرەکی دروست بووە کە هەر یەک لە کۆمەڵگەرا کۆن و نوێیەکان تیشکیان خستەوەتە سەر و هاوڕان لەسەری. ئەمیتای ئێتزیۆنیش وەک ڕابەری کۆمەڵگەرا نوێیەکان یاخود کۆمەڵگەرا وەڵامدەرەوەکان جەخت لە بوونی پێنج بنەمای سەرەکی دەکاتەوە وەک بناغەیەک بۆ تیۆری کۆمەڵگەرایی.

بنەمای یەکەم بریتیە لە گرنگی کۆمەڵگا وەک سێکتەری سێیەم و یەکەیەکی شیکاری جێگرەوە بۆ یەکەی دەوڵەت و بازاڕ کە پێشتر بیرمەندان کاریان لەسەر کردووە. بنەمای دووەم بریتیە لەوەی مرۆڤەکان بونەوەرێکی کۆمەڵایەتین و بڕاردە و بڕیارەکانیان لەژێر کاریگەری کۆمەڵگادایە، کەواتە کۆمەڵگا سەرچاوەی شوناس و ڕەفتار تاکەکانە. بنەمای سێیەم بریتیە لەوەی بەها و نۆرمە ئەخلاقیەکان کە کۆمەڵێک لێکتێگەشتنی هاوبەشن و دەبنە زامنی دروستبوونی ژێرخانێکی پتەو بۆ کۆمەڵگا و هەوێنی پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و و پاڵپشتێکی بەهێز بۆ یاساکانی دەوڵەت. بنەمای چوارەمیش بریتیە لە پاراستنی هاوسەنگی لەنێوان ئەرک و مافدا نەک پێشەنگیدان بە یەکێکیان دژی ئەوی دیکەیان چونکە بانگەشەی ماف بەبێ جێبەجێکردنی ئەرک و بەرپرسیارێتی مانایەکی نابێت. بنەمای پێنجەم و کۆتاییش بریتیە لە برەودان بە چاکەی گشتی کۆمەڵگا لەبەرامبەر بەرژەوەندی تاکدا وەک بناغەی دروستبوونی کۆمەڵگایەکی تەندروست.

دواجار کۆمەڵگەرا نوێیەکان چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ هزری کۆمەڵگەرایی دادەنێن و وەک تیۆر و ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی هاوچەرخ و بەرپەرچی پێشنیار و بۆچونی لیبراڵەکان دەدەنەوە لەبارەی پرسەکانی تاکگەرایی، ماف، ئازادی، چاکە و بەها ئەخلاقیەکان، تا لە کایەی سیاسەتی ناوخۆیی و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا ببێتە بژاردەیەکی جێگرەوە بۆ تێز و پێشنیارەکانی تیۆری لیبراڵیزم. کۆمەڵگەرا نوێیەکان لەڕێی ئەم پێنج بنەمایەوە بناغەیەکی دامەزراو بۆ تیۆری کۆمەڵگەرایی دادەنێن و بانگەشتی ڕاستڕەو و چەپڕەوەکان دەکەن بۆ ناوەندێتی و ڕاگرتنی هاوسەنگی کە ئەمەش خاڵێکی جەوهەری کۆمەڵگەراکانە کە لەبری سەپاندنی بۆچونەوەکایان داوای سازان و پێکهاتن دەکەن لەنێوان بیر و ئایدۆلۆژیا و ئاراستە سیاسیە جیاوازەکان بە ئومێدی دروستکردنی کۆمەڵگایەکی تەندروست لەسەر بنەمای بەها ئەخلاقیەکان و بەرجەستەکردنی چاکەی گشتی و پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.1.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

سەرچاوەکان


- Bell, Daniel. 2022. *The Stanford Encyclopedia of Philosophy*. Edited by N. Edward and Uri Zalta.
- Courtland, Shane D., Gerald Gaus, and David Schmidtz. 2022. “Liberalism.” In The Stanford Encyclopedia of Philosophy, edited by Edward N. Zalta. Metaphysics Research Lab, Stanford University.
- Etzioni, Amitai. “A neo-communitarian approach to international relations: Rights and the good.” Human Rights Review 7 (2006): 69-80.
- Etzioni, Amitai. 1993. *The Spirit of Community: Rights, Responsibilities, and the Communitarian Agenda*. 1st ed. London: Fontana Press, 1995:4-22.
- Etzioni, Amitai, ed. 1998. *The Essential Communitarian Reader*. Lanham, MD: Rowman & Littlefield.
- Etzioni, Amitai. 1997. The New Golden Rule. London, England: Profile Books: 260-332.
- Etzioni, Amitai. 2014. “Communitarianism Revisited.” *Journal of Political Ideologies* 19 (3): 241–60. https://doi.org/10.1080/13569317.2014.951142.
- Etzioni, Amitai. 2014. “Community.” *The Encyclopedia of Political Thought*. Wiley. https://doi.org/10.1002/9781118474396.wbept0185.
- Etzioni, Amitai. n.d. “Common Good.” https://doi.org/10.1002/9781118474396.wbept0178.
- Glendon, Mary Ann. 2008. *Rights Talk: The Impoverishment of Political Discourse*. New York, NY:
- Free Press.
- “Gandhism (Dharma, Swaraj, Sarvodaya and Satyagraha) UNIT 24 INDIVIDUALISM AND COMMUNITARIANISM.” n.d. Igntu.Ac.In. Accessed July 9, 2023.
- https://igntu.ac.in/eContent/IGNTU-eContent-357961490207-MA-PoliticalScience-2-Dr.GeorgeT.Haokip-Paper202ContemporaryPoliticalTheory-Unit2.pdf.
- Margaret Thatcher, as quoted by The Spectator, ‘Margaret Thatcher in quotes’, 8 April 2013, available at
- http://blogs.spectator.co.uk/coffeehouse/2013/04/margaret-thatcher-in-quotes/.
- (N.d.). Friesian.com. Retrieved October 18, 2023, from https://www.friesian.com/rights.htm.
- Nozick, Robert. 2013. *Anarchy, State, and Utopia*. London, England: Basic Books: 8-381.
- Rawls, John, 1921-2002 author. A Theory of Justice. Cambridge, Massachusetts: The Belknap Press of Harvard University Press, 1971:159-185.
- Tam, Henry. (2019). The Evolution of Communitarian Ideas: History, Theory and Practice. 10.1007/978-3-030-26558-8: 1-24.
- *The Five Minute Communitarian: Illustrated*. *YouTube*. Amitai Etzioni, 2017. https://www.youtube.com/watch?v=x_s3YoZAe88&ab_channel=AmitaiEtzioni.
- Vossen, Bas van der, and Billy Christmas. 2023. “Libertarianism.” In The Stanford Encyclopedia of Philosophy, edited by Edward N. Zalta and Uri Nodelman, Fall 2023. Metaphysics Research Lab, Stanford University.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.1.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)